Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 Issue 1 Article1

# The Impact of Media Literacy on Child Education in Sulaimani Governorate: YouTube Channel as a Case Study

**Roza Abdullah Sdiq**

*Master's Student, Department of Media Techniques, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University.*

**Shwan Adam Aivas**

*Department of Media Techniques, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article

Sdiq, R.A. & Aivas, S.A., 2025. The impact of media literacy on child education in Sulaimani Governorate: YouTube channel as a case study. Mitanni Journal, 6(1), Article 01.

DOI: 10.25156/ptjhss.v6n1y2026.pp1-30

This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# The Impact of Media Literacy on Child Education in Sulaimani Governorate: YouTube Channel as a Case Study

**AI usage declaration**

The authors declares that the content of this work was not generated using AI.

**Author contribution**

The authors have contributed solely to all aspects of this research work.

**Ethics information**

Ethics approval was not required for this research.

**Data availability statement**

The data supporting this study's findings are available from the corresponding author upon reasonable request.

**Funding information**

No specific funding was received for conducting this research.

**Conflict of interest**

The authors declare that there is no conflict of interest.

**Acknowledgement**

The authors gratefully acknowledge the support of the Technical College of Administration, Media Technique Department, Sulaimani Polytechnic University, and individuals who contributed to this study.

**Declaration of the Study's Origin**

This study is adapted from a master's dissertation entitled "The Impact of Media Literacy on Child Education in Sulaimani Governorate: YouTube Channel as a Case Study, "submitted to the Department of Media Techniques, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University", in September 2025.

**ORIGINAL ARTICLE**

# The Impact of Media Literacy on Child Education in Sulaimani Governorate: YouTube Channel as a Case Study

Roza Abdullah Sdiq [1, *], Shwan Adam Aivas [2]

[1] Master's Student, Department of Media Techniques, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University
[2] Department of Media Techniques, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University.

## Abstract

To gain a deeper understanding of media literacy and its impact on children's education in the Kurdistan Region, this study examines the messages conveyed by the YouTube channels Afarin and NRT3 Kids. These channels were selected due to their large number of viewers and the consistency of their Kurdish-language content, which made them the core case studies of this research. In terms of methodology, the study applied qualitative approaches, including in-depth interviews with educational and media experts, as well as content analysis of selected children's songs broadcast on the channels. This was intended to highlight the different perspectives of participants and the various dimensions of the main messages conveyed through these songs. The findings reveal that although most participants emphasised the importance of media literacy, the level of awareness and understanding of its concepts in the Kurdistan Region remains at a very early stage. Moreover, the content of the children's songs on both channels was found to be more focused on educational aspects rather than fostering critical thinking and developing media literacy skills. As a result, children were more likely to interact with the media content as passive receivers rather than active participants capable of evaluating and critically reflecting on the messages. In conclusion, the study found that the understanding of media literacy and its various dimensions in the Kurdistan Region is still limited. This has led both content producers and users to pay insufficient attention to integrating media literacy into children's education. The research therefore recommends the development of comprehensive media education programs through coordinated efforts among families, educational institutions, media organisations, and the government. Such programs should be integrated into school curricula at different stages, from pre-school to university, as well as into family education plans in Kurdistan. This would contribute to raising a new generation that is capable of using diverse media correctly and dealing critically with the content of journalistic and media messages, not only as viewers, listeners, or readers, but also as informed and active participants.

**Keywords:** Media Literacy, Child Education, Media Impact, YouTube Channel, Children of Kurdistan.

Received 28 September 2025; accepted 2 October 2025.
Available online 22 Dec 2025

* Corresponding author.
E-mail addresses: roza.sdiq.tca@spu.edu.iq

*2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# کاریگەریی خوێندەواریی میدیایی لەسەر پەروەردەی منداڵ لە پارێزگەی سلێمانی؛ چەناڵی یوتیووب وەک نموونە

**پووختەی توێژینەوە**

بە ئامانجی هەرچی باشـــتر تێگەیشـــتن لە چەمکی "خوێندەواریی میدیایی" و کاریگەرییەکانی لەســـەر "پەروەردەی منداڵان" لە هەرێمی کوردستاندا؛ ئەم توێژینەوەیە لە پەیامەکانی هەردوو چەناڵی یوتیووبی ئافەرین و ئێن.ئار.تی سێ دەکۆڵێتەوە کە بەهۆی زۆریی ژمارەی بینەران و هەمەڕەنگیی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی، کرانە مشتی سەرەکیی توێژینەوەکە.

لە رووی رێباز و رێکارەکانی کۆکردنەوە و شـــیکردنەوەی داتای توێژینەوەوە؛ رێبازی چۆنێتیی و رێکاریی چاوپێکەوتنی چڕ لەگەڵ پســـپۆڕانی پەروەردەیی و میدیایی و رێکاریی شـــیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆپەیامی گۆرانییە پەشـــخشـــکراوەکانی چەناڵی یوتیووب بەکارهێنران. ئەوەیش بە ئامانجی زیاتر دەرخستنی بۆچوونە جیاوازەکانی بەرتوێژان و ڕەهەندە جیاوازەکانی پەیامە سەرەکییەکانی گۆرانییەکان.

بەپێی دەرەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە؛ ئەگەرچی زۆرینەی بەرتوێژان لەسەر گرنگیی خوێندەواریی میدیایی کۆکن، بەڵام تێگەیشتن لە چەمك و ڕەهەندەکانی لەهەرێمی کوردستاندا هێشتا لە ئاستێکی زۆر سـەرەتاییدایە. هاوکات ناوەڕۆکی پەیامی گۆرانییەکانی هەردوو چەناڵی یوتیووبی ئافەرین و ئێن.ئارتی سێ زیاتر لەســـەر ڕەهەنـدە پەروەردەییەکان چڕ کراونەتەوە و کەمتر بـایەخیـان بە ڕەهەنـدی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەی خوێندەواریی میدیایی و گەشـــەپێدانی کردووەتەوە. ئەوەیش وایکردووە منداڵان زیاتر وەک وەرگرێکی ناچالاک مامەڵە لەگەڵ پەیامەکانی چەناڵی یوتیبووبی میدیای منداڵان-دا بکەن، نەک وەک بەشداربوویەکی چالاک کە توانای هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنی ناوەڕۆکی پەیامەکانی هەبێت.

توێژینەوەکە لە کۆتاییدا؛ گەیشـــتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ناســـینی چەمکی خوێندەواریی میدیایی و ئاشـــنابوون بە ڕەهەندە جیاوازەکانی لە هەرێمی کوردســـتانی عێراق-دا لە ئاســـتێکی زۆر ســـەرەتاییدایە و ئەوەیش وایکردووە هەریەك لە بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری پەیامی میدیایی وردتر بیر لە پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی بکەنەوە. توێژینەوەکە لەسـەر بنەمای هەماهەنگیی و پێکەوەکارکردنی هاوبەشی نێوان: خێزان، پەروەردە، میدیا و حکوومەت؛ پێشـــنیازی گەڵاڵەکردنی پرۆگرامی پەروەردەی میدیایی و خوێندنی لە قۆناغەکانی پێشـــچوونە قوتابخانە تا پێشـچوونە زانکۆ دەکات، تاوەکوو وەک بابەتێکی بنەڕەتیی بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و پلانی پەروەردەیی خێزانی کوردییەوە و بەهۆیەوە نەوەیەکی نوێی هۆشـــیار گۆش بکرێت کە بتوانێت بە شـــێوازێکی درووســـت میدیا جیاوازەکان بەکاربهێنێت و ڕەخنەگرانەیش مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیامەکانی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا بکات، ئینجا ببێتە بینەر و بیســـەر و خوێنەری ناوەڕۆکەکانیان.

کلیله وشه: خوێندەواریی میدیایی، پەروەردەی منداڵ، کاریگەریی میدیایی، چەناڵی یوتیووب، منداڵانی کوردستان.

**پێشەکیی توێژینەوە:**

لەســـەروەختی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاســت و زانیاریی شــێوێنراو-دا؛ میدیاکان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان لە ژیانی رۆژانەی منداڵاندا هەیە و هەندێکجاریش وەك جێگرەی خێزان لە پرۆســـەی پەروەردە و پێگەیاندنی کەســـێتیی مرۆڤ ســـەیر دەکرێن. بەتایبەت زۆر بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان و ســـەرچاوەکانی میدیای دیجیتاڵیی وەك مۆبایل، کۆمپیوتەر، چەناڵی یوتیووب و یارییە ئەلیکترۆنییەکان؛ وایکردووە گواســـتنەوەی زانیاریی و پرۆســـەی پەروەردە و فێرکردن لەنێوان توێژە جیاوازەکاندا، بە شـــێوەیەکی خێرا گەشـــە بکات. لەو نێوەندەیشدا؛ منداڵان و دایباب-ەکانیان وەك بەکارهێنەری سەرەکیی ئامرازە میدیاییەکان پێویستیان بە هۆشیاریی وردتر هەیە: کێ، کەی، لە کوێ، چی، چۆن ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی بەرهەمبهێنن و بەکاربهێنن. بە دیارییکراوتر ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەی لە چەناڵی یوتیووب بەزمانی کوردیی و بە ئاســت و ئاراســتەی جیاواز پەخشــدەکرێن کە زۆرجار کاریگەرییان لەســەر هەســت و نەســت و ڕەفتاری منداڵان دەبێت و بە ئاراستەی ئەرێنیی یان نەرێنیی دەگۆڕێن.

خوێنـدەواریی میـدیـایی (Media Literacy)؛ بە بنچینەیەکی گەورە و گرنگی پەروەردەی میـدیـایی (Media Education) دادەنرێت کە پەیوەندیی ڕاســتەوخۆی بە پرۆســەی پەروەردە و فێرکردن و گەشــەی منداڵان-ەوە هەیە، چوونکە توانای دەســتڕاگەیشــتن، تێگەیشــتن، شــیکردنەوە و هەڵســـەنگاندنی ڕەخنەگرانەی پەیامی میدیایی، بە شـــارێی پەروەردەی منداڵان دادەنرێت. ئامانجی ئەمجۆرە پەروەردەیە؛ سنووردارکردنی ڕۆڵی بێسنووری میدیاکانە لە پرۆسەی فێربوون، گەشەی عەقڵیی و ڕەفتاریی منداڵان-دا. ئەوەیش لەگەڵ ئامانجی سـەرەکیی ئەم توێژینەوەیەدا یەکدەگرێتەوە کە مەبەسـتییەتی بزانێت: چۆن خوێندەواریی میدیایی دەتوانێت یارمەتیی منداڵان، خێزان و پەروەردە بدات لەوەی ڕێگریی لە ســنووردارکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیاکان بگرن و بەشـێوەیەکی ئەرێنیی بەکاریان بهێنن. هەربۆیە چەناڵی یوتیبوویی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی ئافەرین و ئێن.ئار.تی سێ دەســتنیشــانکراون، تاوەکوو لە ڕێگەی ناوەڕۆکی پەیامی گۆرانییەکانیانەوە، ئاسـتی ناسـینی "خوێندەواریی میدیایی" لە "پەروەردەی منداڵ" و ڕەهەندە هاوبەش و جیاوازەکانیان هەڵبســەنگێنرێت. لەو ســۆنگەیەوە؛ ئەم توێژینەوە بۆ پێنج بەشی سەرەکیی دابەشکراوە، تاوەکوو ناونیشان و ناوەڕۆکی بەشەکان بەیەکتری ببەسترێنەوە، لەوانە:

**بەشی یەکەم؛** بۆ ڕێبازنامەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە و لەوێدا ناونیشـانی توێژینەوەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی، لەگەڵ ئامانج و پرسـیار و کێشــەی ســەرەکیی توێژینەوەکە ڕوونکراونەتەوە و ئەو ڕێباز و ڕێکارانەیش دەســتنیشــانکراون کە لە کۆکردنەوە و شــیکردنەوەی داتای توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون. پاشتر چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و ئەو توێژینەوانەی پێشووکە پەیوەندییان بە گۆڕاوە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە هەبوو؛ خراونەتڕوو و تاووتوێی خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا کراوە.

**بەشی دووهەم؛** بۆ تیۆرییینامەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە و هەریەك لە گۆڕاوی سەرەکیی "خوێندەواریی میدیایی" و گۆڕاوی شوێنکەوتووی "پەروەردەی منداڵ" ناسـێنراون و ڕەهەندە سـەرەکییەکانیان شـیکراونەتەوە. هاوکات چەناڵی یوتیووبی منداڵان؛ وەک میدیایەکی دیجیتاڵیی هاوچەرخ خراوەتەڕووکە لە ڕێگەی بەرهەمە میدیاییەکانی ئافەرین و ئێن.ئار.تی سێ ئاستی پێڕەوکردن و پێشلکردنی ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەی منداڵ-دا شرۆڤە دەکرێن و پەیوەندیی نێوانیان بەدەردەخرێن.

**بەشی ســێهەم؛** بۆ ڕێباز و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شــیکردنەوەی داتای توێژینەوەکە تەرخانکراوە و بە وردیی هەنگاوە کردارییەکانی ڕێبازی توێژینەوەی چۆنێتیی (Qualitative Method) و ڕێکارەکانی چاوپێکەوتنی چڕ و شــیکردنەوەی ناوەڕۆك ڕوونکراونەتەوە و پاســـاوی بەکارهێنانی هەریەك لە کۆمەڵگە و مشتی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

**بەشی چوارهەم؛** بۆ شـیکردنەوەی داتای بەدەسـتهاتووی توێژینەوەکە تەرخانکراوە. لەم بەشـەداو بە پشـتبەسـتن بە دەسـتە و یەکەکانی شــیکردنەوەی ناوەڕۆك، ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ لە دەق پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیبوویی ئافەرین و ئێن.ئار.تی سێ خراونەتەڕوو. هاوکات بابەتە سەرەکییەکانی چاوپێکەوتنی بەرتوێژان شیکراونەتەوە و پەیوەندیی نێوانیان خراونەتەڕوو.

**بەشی پێنجهەم؛** بۆ ئەنجامگیریی توێژینەوەکە تەرخانکراوە. جگەلە ئەنجامە گشــتییەکانی توێژینەوەکە، پێشــنیاز و ڕاســپاردەی گونجاو بۆ لایەنی پەیوەندییدار و توێژەرانی داهاتوو خراونەتەڕوو.

## 1.ڕێبازنامەی توێژینەوە

### 1.1: دەروازەی بەش

لە ڕووی میتۆدییەوە و وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نـاو وردەکـاریی توێژینەوەکە؛ لەم بەشـــەدا هەریەك لە چەمکە بنەڕەتییەکـان و توێژینەوەکانی پێشوو و چۆنییەتی سوودلێوەرگرتنیان لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە.

### 2.1: ناونیشانی توێژینەوەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی

"کاریگەریی خوێندەواریی میدیایی لەسەر پەروەردەی منداڵ لە پارێزگەی سلێمانی؛ چەناڵی یوتیووب وەک نموونە" ناونیشـانی سـەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە کە گرنگیی هەڵبژاردنی بۆ پتر لە هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە: نەبوون یاخوود دەگمەنیی توێژینەوەی هاوشێوە بە زمانی کوردیی و بەرفراوانیی خراپ بەکارهێنانی پەیامی میدیایی لە هەرێمی کوردســـتاندا. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە؛ بۆ تازەیی ناونیشـــانی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شــیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە کە بە دەگمەن نەبێت لە هەرێمی کوردســـتان-دا نامەی ماســـتەر یاخوود تێزی دکتۆرا-ی لەبارەوە نەنووسراوە. هەربۆیە ئەم ماســـتەرنامەیە دەبێتە چاوگەیەکی ســـەرەکیی و بەردی بناغەی ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا دەنووسرێن. لە ڕووی پیشـــەیی-شـــەوە؛ بەرهەمهێنەرانی میدیایی دەتوانن وردتر ئاشـــنا و ئاگاداری دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانی

خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندە جیاوازەکانی بن. هەروەها منداڵان، دایباب، سەرپەرشتیاران و نێوەندە پەروەردەییەکانیش وەك بەکارهێنەری پەیامی میدیایی؛ زووتر و زیاتر پەی بە دیوی نەزانراو و نەوتراو و نەبینراوی دەق و دەنگ و ڕەنگی پەیامەکانی میدیای پەروەردەیی منداڵان ببەن و باشتر ناوەڕۆکی ئەرێنیی و نەرێنیی لەیەکترجیابکەنەوە. کەواتە لەڕووی تیۆرییەوە؛ ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستیی بەهادار بۆ کتێبخانەی کوردیی و توێژەرانی دواتر. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش؛ لە ڕووی پیشەییەوە بەرچاوڕوونیی زیاتر دەدەنە میدیای کوردیی و ئەوانەیشی کار لەسەر بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی دەکەن. بەتایبەت لەو ڕووەوەوکە وردتر کار لەسەر ڕەگەزەکانی خوێندەواریی میدیایی لە بەرهەمەکانی پەروەردەی منداڵان-دا بکەن و بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ وشە، وێنە و ڤیدیۆی بەرهەمەکانیاندا بکەن. هەروەها هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان لە چۆنییەتی بەکارهێنانی چەناڵی یوتیووب و پەیامە جیاوازەکانی. ئەوەیش لە بۆچوونی بەرتوێژان-دا ڕەنگیداوەتەوە کە جەخت لە گرنگیی و تازەیی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە و پێویستیی وردتر ناساندنی چەمکی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی دەکەنەوە.

**3.1**: مەبەست و ئامانجەکانی توێژینەوەکە

مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە؛ ناساندنی چەمکی "خوێندەواریی میدیایی" وکاریگەری ڕەگەزەکانییەتی لەسەر "پەروەردەی منداڵ"انی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە ڕێگەی ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەی لە چەناڵی یوتیووب پەخش و بڵاودەکرێنەوە کە ئەوەیش پاڵنەری بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی وردتری توێژینەوەکەیە، لەوانە:

1. بۆ تێگەیشتن لە چەمکی خوێندەواریی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق-دا.
2. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان پەیامەکانی خوێندەواریی میدیایی چەناڵی یوتیووب و جۆرەکانی پەروەردەی منداڵانی کورد.
3. بۆ دەستنیشانکردنی جۆری کاریگەریی خوێندەواریی میدیایی لەسەر پەروەردەی منداڵانی هەرێمی کوردستان.
4. بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەگەزەکانی خوێندەواریی میدیایی لە پەیامەکانی چەناڵی یوتیووبی منداڵان لە هەرێمی کوردستان-دا

**4.1**: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

زۆر بەکارهێنانی چەناڵی یوتیووب و فەرامۆشکردنی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەی منداڵانی هەرێمی کوردستان-دا؛ کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە کە ڕەنگدانەوەی جیاوازیان لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتار وگوفتاریان دەبێت و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەستیان پێدەکرێت. هەربۆیە کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە؛ لە ڕێگەی ئەم چەند پرسیارەی خوارەوە دەخرێنەڕوو:

**1.** ئایا چەمکی خوێندەواریی میدیایی لەلای بەرهەمهێنەرو بەکارهێنەری یوتیووبی منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق؛ چۆن ناسێنراوە و گوزارشتی لێکراوە؟

**2.** ئایا پەیوەندیی نێوان پەیامەکانی خوێندەواریی میدیایی چەناڵی یوتیووب و جۆرەکانی پەروەردەی منداڵانی کورد چۆن و بە چ شێوەیەکە؟

**3.** ئایا چ ڕەگەزێکی خوێندەواریی میدیایی لە پەیامەکانی چەناڵی یوتیووبی تەلەفزیۆنەکانی ئافەرین و ئێن.ئارِ.تی3-دا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە؟

**4.** ئایا ناوەڕۆکی پەیامەکانی چەناڵی یوتیووبی تەلەڤزیۆنەکانی ئافەرین و ئێن ئارِ تی03؛ چ کاریگەرییەکی لەسەر جۆرەکانی پەروەردەی منداڵانی کورد هەیە؟

**5.1**: ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا؛ ڕێبازی چۆنێتیی بۆ وەسفکردنی گۆڕاوە سەرەکییەکان و ڕێکاری شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەت ( Thematic Content Analysis) بۆ پەیامەکانی خوێندەواریی میدیایی چەناڵی یوتیووبی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی تایبەت بە منداڵان و ڕێکاری چاوپێکەوتنی چڕ (In-depth Interview) لەگەڵ پسپۆڕانی پەروەردەیی و میدیایی-دا بەکاردەهێنرێت.

**1.5.1**: کۆمەڵگە و مشتی توێژینەوەکە

پەیامەکانی یوتیووبی منداڵان کە بە زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستان-ەوە بەرهەمدەهێنرێن؛ وەك كۆمەڵگەی توێژینەوەكە دەستنیشانكراوە. لەو نێوەندەشـدا؛ چەناڵی یوتیووبی هەردوو تەلەڤزیۆنی منداڵان: ئافەرین و ئێن.ئارِ.تی3 وەك مشـتی توێژینەوەكە دەسـتنیشـانكراون، تاوەكوو بتوانرێت شیكردنەوەی ناوەڕۆك بۆ پەیامەكانیان بكرێن.

**2.5.1:** بوار و سنوورەكانی توێژینەوەكە

بواری كاركردنی ئەم توێژینەوەیە فراوان و فرەڕەهەندە. هەربۆیە دەكرێت لەم چوار سنوورە سەرەكییەی خوارەوەدا دەستنیشانبكرێن، لەوانە:

**یەكهەم؛ لە ڕووی شـوێن-ەوە:** سـنووری جوگرافیی هەرێمی كوردسـتانی عێراق بە گشـتیی و پارێزگەی سـلێمانی بەتایبەتیی دەگرێتەوە كە بارەگەی سەرەكیی و نێوەندی پەخشی چەناڵی یوتیووبی منداڵانی تەلەڤزیۆنە كوردییەكانی مشتی توێژینەوەكەی لێن.

**دووهەم؛ لە ڕووی مرۆیی-ەوە:** مەبەسـت لەو كەسـانەیە كە لەم توێژینەوەیەدا دەبن بە بەرتوێژ، لەوانە: پسـپۆڕانی پەروەردەیی و میدیایی، خاوەن و هەڵسووڕێنەرانی چەناڵی یوتیووبی تەلەڤزیۆنی منداڵان لە هەرێمی كوردستان-دا.

**سێهەم؛ لە ڕووی كات-ەوە:** ئەو ماوەیە دەگرێتەوە كە داتای توێژینەوەكەی تیا كۆكراوەتەوەو شیكراوەتەوە كە دەكەوێتە ماوەی نێوان 15ی كانوونی دووهەمی 2025 بۆ 15ی ئابی 2025.

**چوارهەم؛ لە ڕووی بابەتیی-ەوە:** مەبەسـت لێی خوێندەواریی میدیایی و كاریگەرییەكانییەتی لەسـەر پەروەردەی منداڵان لە ڕێگەی چەناڵی یوتیووبی تەلەڤزیۆنە كوردییەكان-ەوە.

**6.1:** چەمک و زاراوە بەكارهاتووەكانی توێژینەوەكە

لێرەدا چەمكە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە بەو شێوەیەی لە ناوەڕۆكەكەییدا بەكارهاتوون؛ دەخرێنەڕوو، لەوانە:

**یەكهەم؛ خوێندەواریی میدیایی:** توانای دەسـتگەیشـتن، شـیكردنەوە، هەڵسـەنگاندن و درووسـتكردنی ناوەڕۆكی میدیایی-ە؛ بە شـێوەیەكی ڕەخنەگرانە و بەرپرسیارانە.

**دووهەم؛ پەروەردەی منداڵ:** پرۆسەی گەشەپێدانی كەسایەتی منداڵ-ە؛ لە ڕووی: جەستەیی، دەروونیی، كۆمەڵایەتیی و ئاكارییەوە.

**سێهەم؛ كاریگەریی میدیایی:** مەبەست لێی ئەو گۆڕانكارییانەیە كە پەیامی میدیایی لەسەر بیركردنەوە، هەڵسوكەوت، باوەڕ و بەهای تاكەكانی كۆمەڵگە بەجێیاندەهێڵێت كە دەشـێت كاریگەریی ئەرێنیی یان نەرێنیی بن و لە ڕێگەی زانیاریی و وێنەی گشـتیی و هاندانی ڕەفتارەوە ڕوودەدەن.

**چوارهەم؛ چەناڵی یوتیووب:** سـەكۆیەكی دیجیتاڵیی میدیاییە كە پشـت بە بەرهەمی ڤیدیۆیی دەبەسـتێت و زۆرجار تەلەڤزیۆنە كوردیی و بیانییەكان بە پەخشكردنی پەیامی میدیایی جۆراوجۆر سوودی لێوەردەگرن و هەندێكجاریش وەك سەرچاوەی داهات و دارایی بەكارەهێنرێت. هەروەك ڕێگە بە بەكارهێنەران-یش دەدرێت؛ دەستیان بە بەرهەمەكانی چەناڵی یوتیووب بگات و لە هەر كات و شوێنێك مەبەستیشان بێت بەكاریبهێننەوە.

**پێنجهەم؛ منداڵانی كورد:** مەبەسـت لە نەوەی نوێی نەتەوەی كورد-ە كە دایك و باوك یان یەكێكیان كوردە و لە ناوەوە و دەرەوەی نێوەندە پەروەردەییەكانی هەرێمی كوردستان-دا بە زمانی كوردیی دەدوێن ودەنووسـن. تێگەیشـتن و پێگەیشـتنی ئەم منداڵانە؛ بە بارودۆخی سیاسیی، ئابووریی و كۆمەڵایەتیی دایباب و ژینگەی گەشەكردنی منداڵییان-ەوە پەیوەستە.

## 2. تیۆرییبنامەی توێژینەوە:

### 1.2: خوێندەواریی میدیایی و کاریگەرییەکانی

کاریگەرییە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی خوێندەواریی میدیایی زۆر و جیاوازن. هەندێکیان کاریگەرییان لەسەر سۆز و ویژدانی کەسەکان هەیە و هەندێکی دیکەیشیان کاریگەرییان لە سەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان هەیە. لەو سۆنگەیەوە؛ دەکرێت گرنگیی چەمکی خوێندەواریی میدیایی و واتا جیاوازییەکانی و ڕەهەندەکانی وردتر شیبکرێنەوە، لەوانە:

### 2.2: خوێندەواریی میدیایی و واتاکانی

مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی خوێندەواریی میدیایی؛ بۆ دەهەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کە وەک پێویستییەکی هەنووکەیی و لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی فراوانی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ و فلمە سینەماییەکان-دا هاتەئارا (زاید و الاخرون، ٢٠١٦: ١٥). ئەم چەمکە گوزارشت لە پرۆسەیەکی جێگیر ناکات، بەڵکوو بەردەوام لە گۆڕاندایە و پێویستی بەوەیە تاکەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی زانیارییەکانیان نوێ بکەنەوە (الصبیحی، ٢٠٢١: ١٩). بنەمای چەمکی خوێندەواریی میدیایی لەسەر پرسیارکردنی ڕەخنەگرانە دامەزراوە، لەوانە: کێ پەیامەکە دەنێرێت؟ بۆچی دەینێرێت؟ چۆن وەرگران بەشێوەی جیاواز لێکیدەدەنەوە؟ چ بەها و دیدگەیەک نمایشدەکرێت؟ چۆن دەتوانین خۆمان پەیامی میدیایی درووستبکەین؟ (مدانی و عزیزی، ٢٠٢٠: ١٧). ئەم چەمکە؛ ئێستا بە ها و بایەخێکی جیهانیی وەرگرتووە و ناوەندە حکوومیی و ناحکوومییەکانی وڵاتانی وەک: سکەندەناڤیا، بەریتانیا، ئوسترالیا، کەنەدا و چەندین وڵاتی تر، خوێندەواریی میدیایی-ان وەک بەشێکی گرنگ لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکاندا جێگیر کردووە. لەبواری پەیوەندییەکانیشدا؛ خوێندەواریی میدیایی چەمکێکی سەرنجڕاکێشە کە ئامانجی شیکردنەوە و تێگەیشتنە لە پەیامە شاراوەکانی پەیامی میدیایی. ئەم چەمکە؛ وەرگر فێر دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ دێڕە نەنووسراوەکانی میدیای نووسراو، گرتە نمایشنەکراوەکان و دەنگە پەخشنەکراوەکاندا بکات. لای خەڵکی گشتی؛ زۆرجار چەمکی خوێندەواریی میدیایی بە هەڵە لەگەڵ توانای خوێندنەوەی میدیای نووسراو یان خوێندەواریی بینراو-دا تێکەڵدەکرێن کە بە تەلەڤزیۆن و فیلم-ەوە پەیوەستە (سلیم، ٢٠٢١: ٧٨).

### 2.2.2: خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندەکانی

خوێندەواریی میدیایی؛ چەمکێکی فرە ڕەهەندە و لایەنی جیاوازی ژیانی تاک و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، لێرەدا گرنگترین ڕەهەندەکانی دەخرێنەڕوو:

#### 1.2.2.2: ڕەهەندی پەروەردەیی خوێندەواریی میدیایی

ڕەهەندی پەروەردەیی خوێندەواریی میدیایی سەرنج دەخاتەسەر میدیا وەک ئامرازێکی پێویست بۆ گەشەپێدانی هزریی، فێربوون و بەدەستهێنانی زانست، چوونکە میدیای ئەمڕۆ هەر بەتەنیا خۆشباریی و کاتبەسەربردن نییە، بەڵکوو سەرچاوەیەکی فێرکاریی بەنرخە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤەکان لە هەموو تەمەنێکدا دەتوانن پەرە بە زانستەکانیان سەبارەت بە جیهان بدەن. بەردەوام لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، ڕۆژنامە و سۆشیالمیدیا-وە؛ تاکەکان بەجۆرەها زانیاریی و ڕوانگە و ئەزموونی کولتووریی بۆردومان دەکرێن کە ئەزموونی پەروەردەیی خۆیان پێناسە دەکەن (ناصر، ٢٠١٦: ٨٠٣). خوێندەواریی میدیایی لە قوتابخانەکاندا؛ خوێندکاران بە لێهاتوویی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی میدیا، دیارییکردنی سەرچاوەی متمانەپێکراو و ناجێگیر، ناسینی لایەنگیریی یان دەستکارییکردن بەهێز دەکات. کارامەییەکی لەو شێوەیە لە جیهانی دیجیتاڵیی ئەمڕۆدا کە دەتوانرێت هەواڵی ساختە و زانیاریی هەڵە لە چرکەیەکدا بڵاوبکرێتەوە، بە تەواوی گرنگە. لە ڕێگەی پێشخستنی تواناکانی بیرکردنەوەوە؛ ڕەهەندی پەروەردەیی توانای خوێندکاران بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی ببنە فێرخوازی سەربەخۆ و بەکارهێنەری چالاکانەی زانیاری. جگەلەوەیش؛ ئەم ڕەهەندە پەرە بە داهێنان و بەرهەمهێنانیش دەدات. فێرخوازەکان نەک هەر بەتەنیا لە ناوەڕۆکی میدیا فێردەبن، بەڵکوو لە ڕێگەی ئامێرە دیجیتاڵییە جیاوازەکانەوە پەیامی خۆیان بەرهەدەهێنن (Song & Kim, 2025: 72).

#### 3.2.2.2: ڕەهەندی یاسایی خوێندەواریی میدیایی

ئەم ڕەهەندەی خوێندەواریی میدیایی زۆرتر لەسەر زانینی یاسا و ماف و پابەندییەکان جەختدەکاتەوە کە بەکارهێنانی میدیا، درووستکردنی ناوەڕۆک و بڵاوکردنەوەی بەڕێوەدەبەن. لە سەردەمێکدا کە زانیاریی بە شێوەیەکی ئازادانە لە نێوان سەکۆ دیجیتاڵییەکاندا هاوبەشە، زۆر گرنگە تاکەکان لەو سیستەمە یاساییانە تێبگەن کە پشتگیریی لە ئازادیی دەربڕین دەکەن و لەهەمانکاتدا بەرگریی لە خراپبەکارنەهێنانی میدیاش دەکەن. ڕەهەندی یاسایی خوێندەواریی میدیایی وا لە خەڵک دەکات کە ئەرکەکان و مافەکانی خۆیان وەک بەکارهێنەر و

بەرهەمهێنەری پەیامی میدیایی و ئەو سنوورانەیش کە لە یاسادا بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیارانە دیاریکراون دەستنیشان بکەن، چوونکە ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی و بەدەستهێنانی زانیاریی لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا بە دەقی یاسایی پشتڕاستکراونەتەوە و چەسپێنراون (Paxton et al., 2022: 76)

**4.2.2.2:** ڕەهەندی ئایینیی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندی ئایینی؛ لە دۆخی ئیمانیی، ڕۆحیی و ئاکاریی چالاکییە ئاینییەکانی ناو کۆمەڵگە هاوچەرخەکان دەکۆڵێتەوە. بەتایبەت لە سەروەختێکدا کە سەکۆ دیجیتاڵییەکانی میدیا وەک سەرچاوەی سەرەکیی زانیاریی و پەیوەندییکردن سەریانهەڵداوە و پرسە ئایینییەکانیان تێدا دەخرێنەڕوو و پێناسە دەکرێنەوە (Schulenkorf et al., 2021: 34).

**5.2.2.2:** ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییدا؛ جەخت لە ڕۆڵی میدیا لە ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دەکاتەوە. میدیای ئەمڕۆ تەنیا ئامرازێکی پەیوەندییکردن نییە، بەڵکوو شێوازێکی کارلێککردن، پەیوەندییگرتن و بنیاتنانی ناسنامەی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دیاریدەکات. ماڵپەڕەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەلەڤزیۆن، فلم و مەکۆکانی ئینتەرنێت پەیامە میدیاییەکان پێشکەشدەکەن کە تیایاندا بازرگانیی بە بەها، بۆچوون و شێوازی ژیان دەکرێت، ئەوەیش کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە لە تاکەکان و ئەوانی دیکەیش هەیە. ئەم ڕەهەندە جەخت لە ئەرکی دوولایەنەی میدیا بۆ پەروەردەکردنی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی و دابەشبوون دەکاتەوە، چوونکە میدیا توانای چەسپاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستیارکردنی خەڵک بەرامبەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان و دەنگدان بە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانی هەیە (Park et al., 2021: 402).

**6.2.2.2:** ڕەهەندی فێرکاریی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندی فێرکاریی جەخت لەسەر ڕۆڵی پەروەردەکار لە سەرکردایەتییکردنی خوێندکاران بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ ناوەڕۆکی میدیا و بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ فێربوون و خۆدەوڵەمەندکردن دەکاتەوە. لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا؛ میدیا پێکهاتەیەکی گرنگی ژینگەی فێربوونە و بۆ پێناسەکردنی چەمکەکان، نیشاندانی نموونەکانی جیهانی ڕاستەقینە و پەیوەستکردنی توێژینەوەکانی پۆل بە کاروباری جیهانەوە ئامرازی بەنرخ پێشکەش بە پەروەردەکاران دەکات (Potter, 2022: 131).

**7.2.2.2:** ڕەهەندی میدیایی خوێندەواریی میدیایی

ئەم ڕەهەندە بە بەردی بناغەی چەمکی خوێندەواریی میدیایی دادەنرێت کە لەسەر چۆنێتی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکەکان جەختدەکاتەوە و پەیوەندیی بە تێگەیشتن لە تەکنیکی میدیایی وەك: وێنەگرتن و پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی هەیە. خوێندەواریی میدیایی لێرەدا؛ تاکەکان فێر دەکات کە چۆن ناوەڕۆکێک دروستکراوە، کێ دروستیکردووە و بۆچیی بڵاوکراوەتەوە. ڕەهەندی میدیایی تاکەکان هاندەدات کە خۆیان ناوەڕۆکێک بەرهەمبهێنن کە بەهاکانی کۆمەڵگە بەرز ڕابگرێت، بۆ نموونە کەسێکی خوێندەوار دەتوانێت بزانێت کە چۆن وێنە یان ڤیدیۆ بۆ گۆڕینی واتاکان دەستکارییکراوە، هەربۆیە زووتر و ئاسانتر دەتوانێت خۆی لە فریودانە میدیاییەکان بپارێزێت (Al-Menayes, 2014).

**8.2.2.2:** ڕەهەندی هۆشیاریی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی لە ڕەهەندی هۆشیاریی-ەوە؛ جەخت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی و وردبینیی لە شێوازی بەکارهێنان، تێگەیشتن و کاردانەوەی خەڵک بەرامبەر بە پەیامەکانی میدیا دەکاتەوە. بەتایبەت لە جیهانی دیجیتاڵییدا؛ تاکەکان ئارەزووی ئەوەیان هەیە بەرەوڕووی سیستەمێکی بێکۆتایی زانیاریی ببنەوە کە ڕەنگە بە شێوەیەکی نائاگایی کاریگەریی لەسەر بۆچوون، بەها و ڕەفتارەکان هەبێت. لەو ڕوانگەیەوە؛ خوێندەواریی میدیایی تاکەکان بۆ زاڵبوون بەسەر خۆیان و ئامانجداربوون لە بەکارهێنانی میدیادا هاندەدات و نایەوێت بە تەنیا وەرگری زانیاریی بن (Mede et al., 2025: 174).

**9.2.2.2:** ڕەهەندی خۆشباریی خوێندەواریی میدیایی

ئەم ڕەهەندە پەیوەندیی بە توانای تاکەکان بۆ بەکارهێنانی میدیاوە هەیە؛ بە شێوەیەک کە دەروونڕووستییان بپارێزێت، بەتایبەت کاتێک خۆیان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی زانیاریی ساختە یان ناوەڕکی توندوتیژ دووردەخەنەوە. ئەم ڕەهەندە؛ تاکەکان هانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی

میدیایی ئەوتۆ دەدەن کە بەها ئەرێنییەکانی وەک: ئاشتیی و هاوکاریی بڵاوبکاتەوە، نەکئەوەی کینە و دابەشبوون درووستبکات. بۆ نموونە، کەسێک دەتوانێت میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتێک بەکاربهێنێت کە ئاسایشی.کۆمەڵایەتیی بەهێز بکات و خۆی لەو ناوەڕۆکانە بپارێزێت کە زیانی دەروونییان پێدەگەیەنێت (Buckingham, 2003).

**10.2.2.2:** ڕەهەندی زمانەوانیی خوێندەواریی میدیایی
خوێندەواریی میدیایی لە ڕەهەندی زمانەوانیی-ەوە؛ کار لەسەر پاراستن و بەرەوپێشبردنی زمانی دایك لەمیدیادا دەکات، چوونکە زمان هەر بە تەنیا ئامرازێکی پەیوەندییکردن نییە، بەڵکوو میراتی کولتووریی، ناسنامە و بەها هاوبەشەکان بەرجەستە دەکات. بەهۆی ئەوەی میدیا؛ سەرچاوەیەکی بەهێزی زانیاریی و دەربڕینە، ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە پێناسەکردنی بەکارهێنانی زمانەکان، پاراستن یان پەراوێزخستنیان-دا هەیە (Luan et al., 2023: 64).).

**11.2.2.2:** ڕەهەندی تەکنەلۆژیی خوێندەواریی میدیایی
ڕەهەندی تەکنۆلۆژیای خوێندەواریی میدیایی ئاماژەیە بۆ ئەو لێهاتوویی و هۆشیارییانەی کە پێویستن بۆ بەکارهێنانی کاریگەرانە، گونجاندن لەگەڵیان و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە بۆ تەکنۆلۆژیا مۆدێرنەکان کە دروستکردن و دابەشکردن و بەکارهێنانی میدیا لە قاڵب دەدەن. لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا، تەکنۆلۆژیا لە پەیوەندیکردن جیا ناکرێتەوە (Karaoğlu et al., 2025: 28).

**12.2.2.2:** ڕەهەندی ژینگەیی خوێندەواریی میدیایی
ڕەهەندی ژینگەیی خوێندەواریی میدیایی سەرنج دەخاتە سەر بەکارهێنانی میدیا لە دروستکردنی هۆشیاری لە پرسە ژینگەییەکان و کاریگەریکردن لەسەر هەڵوێستەکان بەرامبەر بە ژیانی بەردەوام. لە سەردەمی گۆڕانی کەشوهەوا و پیسبوون و لەدەستدانی جۆراوجۆری زیندووودا، ئێستا میدیا میکانیزمێکی گرنگە بۆ زانیاری گشتی و داڕشتنی ڕەفتاری ژینگەیی و هاندانی کردەوەی بەکۆمەڵ. خوێندەوار بوون بەم مانایە بریتییە لە شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەیام و هەڵمەت و چیرۆکە ژینگەییەکان و هەروەها جیاکردنەوەی زانیاری هەڵە یان زیادەڕەویکردن (Heiss et al., 2023: 211).

**13.2.2.2:** ڕەهەندی ئابووریی خوێندەواریی میدیایی
لایەنی ئابووری خوێندەواریی میدیایی پەیوەندی بە بەدەستهێنانی هۆشیارییەوە هەیە کە چۆن هێزە ئابوورییەکان میدیا لە قاڵب دەدەن و چۆن ئەویش لە بەرامبەردا پراکتیکی بەکاربەر و بازاڕ و هەڵبژاردنی دارایی لە قاڵب دەدات. میدیا تەنها ئامرازێک نییە بۆ زانیاری بەڵکو بزنسێکە کە لەسەر بنەمای ڕیکلام و سپۆنسەری و ڕەچاوکردنی بازرگانی دامەزراوە. ئاگاداربوون لەم جۆرە داینامیکیانە مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی پشت ناوەڕۆکی میدیایی شیبکاتەوە و وەک بەکاربەر و هاووڵاتی بڕیاری هۆشیارانە بدات (Long et al., 2023: 88).،.

**14.2.2.2:** ڕەهەندی دەروونیی خوێندەواریی میدیایی
ڕەهەندی دەروونی خوێندەواریی میدیایی لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن میدیا کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەست و هەڵوێست و ڕەفتاری کەسی هەیە. پەیامەکانی میدیا بۆ ئاگادارکردنەوە دروست دەکرێن، بەڵام بۆ ڕازیکردن و سەرگەرمی و شێوەدانانیش. تێگەیشتن لە کاریگەرییە دەروونییەکانی میدیا ڕێگە بە تاکەکان دەدات کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەشداری بکەن، خۆیان لە دەستکاریکردن بپارێزن لەکاتێکدا میدیا بە شێوەیەک بەکاردەهێنن کە پشتگیری لە باشبوونی دەروونی و گەشەکردنی کەسی بکەن. یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەم ڕەهەندە کاریگەری سۆزدارییە(Salimi & Torkiantabar, 2023: 211).

**15.2.2.2:** ڕەهەندی ئەدەبیی و هونەریی خوێندەواریی میدیایی
لایەنی ئەدەبی خوێندەواریی میدیایی جەخت لەسەر گرنگی زمان، چیرۆک و دەربڕینی جوانکاری دەکاتەوە لە چوارچێوەی چۆنیەتی بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی پەیامەکانی میدیادا. میدیا لە گواستنەوەی ڕاستییەکان تێدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی بەکارهێنانی گێڕانەوە و هێما و ئامێرە داهێنەرەکانیش لەخۆبگرێت کە کاریگەرییان لەسەر لێکدانەوە و مانا هەیە. بەدەستهێنانی خوێندەواری لەم لایەنەدا ڕێگە بە مرۆڤ

دەدات چێژ لە میدیا وەربگرێت وەک فۆرمێکی هونەری و کولتووری و هەروەها بە شـــێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە ئامێرە ئەدەبییەکان بکۆڵێتەوە کە بۆ گەیاندنی پەیامەکان بەکاردەهێنرێن (Park et al., 2021: 402).

**16.2.2.2:** ڕەهەندی تەندرووستیی خوێندەواریی میدیایی

ڕەهەندی تەندروســتی خوێندەواریی میدیایی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆن میدیا کاریگەری لەســەر تەندروســتی جەســتەیی و دەروونی، ڕەفتارە تەندروستییەکان و زانیاری گشتی لەسەر بارودۆخە پزیشکییەکان هەیە. ئێستا میدیا زاڵن بەسەر گەیاندنی زانیاری لەسەر تەندروستی، لە داکۆکیکردن لە ڕەفتاری تەندروستەوە تا بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵەی پزیشکی (Martínez-Bravo et al., 2022: 250).

**6.2:** خوێندەواریی میدیایی و گرنگیی پەروەردەی میدیایی

پەروەردەی میدیایی چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەستراگەیشتن، شیکردنەوە، و هەڵسەنگاندنی پەیامە میدیاییەکان بە هەموو شـێوەکانیانەوە (بیســتراو، بینراو، و خوێندراو). ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ چۆنیەتیی پەروەردەکردنی تاک، بە جۆرێک کە بتوانێت بە شـێوەیەکی هۆشـیارانە مامەڵە لەگەڵ ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیا، ئینتەرنێت، و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بکات. ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی پەروەردەی خێزانی یان لە ڕێگەی سـیسـتەمی خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەرجەسـتە بکرێت (زينب و خديجة، ٢٠١٩: ١٠). هەروەها وەک پرۆســـەیەکی فێرکردن پێناســـە کراوە کە ئامانجی ئاشـــناکردنی منداڵ، هەرزەکار، و گەنجانە بە لایەنە ئەرێنییەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوەیانە بەرامبەر لایەنە نەرێنییەکان (اسماعيل، ٢٠١٨: ١٢٩). ئەم پرۆسەیە بەشێکە لە بوارێکی فراوانترکە هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە پەروەردە و میدیاوە هەیە (الخيون، ٢٠١٨: ٤). بە واتایەکی تر، پەروەردەی میدیایی بریتییە لە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێکار بە مەبەستی ئامادەکردنی منداڵ یان خوێندکار بۆ تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ژینگە میدیاییەی تێیدا دەژی (هالة و لطيفة، ٢٠٢٠: ١٦). لەو ڕووەوە؛ پەروەردەی میدیایی خاوەنی پتر لە تایبەتمەندییەکی گرنگە، لەوانە: کە پەیوەندیی ڕاســـتەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازەوە هەیە، ئەمەیش ســـەرنجی ڕادەکێشـــێت و هانی دەدات بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی جیهانی میدیا (احمد، ٢٠٢٢: ١٧٤). هاوکات یارمەتیی فێرخواز دەدات بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی باڵا، وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، توانای بڕیاردان، و چارەسەرکردنی کێشەکان (عبدالعزيز و السروجي، ٢٠١٥: ١٥٦). ئەنجامەکانی لەسەر کەسایەتیی تاک لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە ئاســـانی دەبینرێن، بۆ نموونە لە توانای تاکدا بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــە ئاڵۆزەکان (عرام، ٢٠٢٠: ٧٤). وێنایەکی گشـــتگیری ژینگەی میدیا و نهێنییەکانی بۆ فێرخواز ئاشکرا دەکات، کە متمانەبەخۆبوونی فێرخواز پتەو دەکات و زەمینە بۆ ڕەفتاری ئەرێنی دەڕەخسێنێت (غندر، ٢٠٢٣: ٥٣٣). وەک هەنگاوی یەکەم کار دەکات کە ڕێگە بە فێرخواز دەدات بۆ درێژەدان بە فێربوونی بەردەوام لەم بوارەدا (احمد، ٢٠٢٢: ١٧٥).

لەو ســـۆنگەیەوە؛ پەروەردەی میدیایی و خوێندەواریی میدیایی وەك دوو چەمکی بەیەکەوە گرێدراو؛ یەکتر بەهێز دەکەن و پشـــتیوانیی یەکتر دەکەن. لە کاتێکدا خوێندەواریی میدیایی زانیاری و تواناکانی وەرگرتن و شـیکردنەوە و بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەخۆدەگرێت، پەروەردەی میدیا پرۆســـەی ســـیســـتماتیکی لەخۆدەگرێت کە بەهۆیەوە ئەم کارامەییانە فێردەبن، وردتر دەکرێن و جێبەجێ دەکرێن (Nagel, 2021: 47)، بە کۆی گشـــتی، ئەوان بنەما پێکدەهێنن بۆ تەیارکردنی خەڵک بە لێهاتوویی پێویســـت بۆ زاڵبوونی دیمەنی میدیایی ئاڵۆزی ئەمڕۆ. خوێندەواریی میدیایی ڕێگە بە خەڵک دەدات ڕەخنە لە ناوەڕۆکی میدیا بگرن، لایەنگری یان دەســـتکاریکردن دەستنیشـان بکەن و میدیا بە بەرپرسیارانە لە دەربڕین و پەیوەندیکردن بەکاربهێنن. (رجب و الاخرون، ٢٠٢١: ٦٥٢). بەڵام ئەم کارامەییانە بە شـــێوەیەکی سروشـــتی نایەت بەڵکو پێویســـتیان بە ڕێنمایی و مەشـــقی بە مەبەســـت هەیە. هەر لەم خاڵەدا پەروەردەی میدیا دێتە گۆڕەپانەکەوە، چونکە چوارچێوە و میتۆدۆلۆژیا و ژینگەکانی فێربوون بۆ پێشـــخســـتنی خوێندەواریی میدیایی پێشـــکەش دەکات. پەروەردەی میدیا گرنگی بە پەروەردەکردنی خوێندکاران دەدات ســـەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی ســـیســـتەمی میدیا، چۆن پەیامەکان دروســـت دەکرێن، و چۆنیەتی قســـەکردن لەگەڵ بینەران. هەم شـیکارییە و هەم بەرهەمهێنانە، ڕێگە بە خوێندکاران دەدات بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانە شـیکاری میدیای هەبوو بکەن و هەروەها ناوەڕۆکی خۆیان بەرهەم بهێنن. بەم شـــێوەیە خوێندکاران نەک هەر فێری میدیا دەبن بەڵکو داهێنان و بیرکردنەوەی ئەخلاق و هاووڵاتیبوونی دیجیتاڵیش بەدەست دەهێنن. پەیوەندی نێوان ئەم دووانە دەتوانرێت وەک تیۆری و پراکتیک کۆتایی پێبهێنرێت. پەروەردەی میدیا پێداگۆژی دابین دەکات، لە کاتێکدا خوێندەواریی میدیایی دەرئەنجامی هاووڵاتییەکی خۆبەهێزە بۆ بەکارهێنانی ڕەخنەگرانە و هۆشـــیارانەی میدیا. بەبێ پەروەردە، خوێندەواریی میدیایی قەتیس دەبێت؛ بەبێ خوێندەواریی، پەروەردە هیچ ئامانجێک نییە (Huda & Hashim, 2022: 56). بۆیە، خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی میدیایی زۆر گرنگن لە ئامادەکردنی تاکەکان بۆ گەڕان و بەدواداچوون لە دیمەنی میدیایی کە تادێت ئاڵۆزتر دەبێت. لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەشـداریکردنی داهێنەرانەوە، خوێندەواریی

میدیا تاکەکان بەهێز دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئاگادارانە و بەشداریی ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا. بەڵام چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی ئێستا پێویستی بە هەوڵێکی هاوبەشی پەروەردەکاران، میدیاکاران، و خێزانەکان هەیە. لە کۆتاییدا، جووتبوونی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی میدیایی، دیموکراسـیی و ناسـنامەی کولتووریی و بەرپرسـیاریێتی کۆمەڵایەتیی بەهێزتر دەکات. بە تێکەڵکردنی پەرەپێدانی کارامەیی لەگەڵ فێربوونی رێکخراو، مرۆڤەکان لە دۆخێکدان کە بە شـێوەیەکی مانادار لەگەڵ میدیادا کارلێک بکەن، بەرەنگاری دەسـتکاریکردن ببنەوە و سـوود بە کۆمەڵگا بگەیەنن.

**3.2:** پەروەردەی منداڵ و واتاکانی

پەروەردەی منداڵ؛ یەکێکە لە بابەتە بنەڕەتی و مشـتومڕاویەکانی بواری دەروونناسی، کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ جێگەی بایەخی پسـپۆڕان بووە. هەرچەندە لێکۆڵینەوە و میتۆدی جۆراوجۆر لەم بوارەدا داهێنراون، بەڵام بنەمایەکی سـەرەکی ئەوەیە کە هەر منداڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستی بە شێوازێکی پەروەردەیی تایبەتە کە ڕەچاوی جیاوازییە تاکەکەسییەکانی بکات (سوادي، ٢٠٢٤: ١٦٨). لە ڕابردوودا، شێوازە توندەکانی وەک لێدان و سزادان وەک ڕێگەیەک بۆ پێگەیاندنی پیاوانی داهاتوو سـەیر دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ پسپۆڕانی پەروەردە و دەروونناسـان هۆشداری دەدەن لە بەکارهێنانی هەر جۆرە توندوتیژییەک، چونکە شوێنەواری نەرێنیی درێژخایەنی لەسەر کەسایەتیی منداڵ بەجێدەهێڵێت و لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە کەسێکی دڵڕەق یان لاواز و بێبنەما (الشهري، ٢٠٢٤: ٢٠٥). ئەم پرۆسەیە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی منداڵییەوە دەسـت پێدەکات و تا هەرزەکاری بەردەوام دەبێت و وەک بڕبڕەی پشـتی گەشـەسـەندنی نەتەوەکان دادەنرێت. شـارەزایان جەخت لەسـەر هێزی گۆڕانکاریی پەروەردە دەکەنەوە بۆ بەدیهێنانی یەکسـانی، پەروەردەکردنی بیری داهێنەرانە، و چالاککردنی جووڵەی کۆمەڵایەتی (يحيى، ٢٠٢١: ١٠٢) .

**1.3.2:** پەروەردەی منداڵ و ڕەهەندەکانی

پەروەردەی منداڵان پرۆسـەیەکی ئاڵۆزە کە لە خوێندنی فەرمی زیاتر درێژدەبێتەوە بۆ گرتنی گەشـەی گشـتی منداڵان لە ڕەهەندە فیکری، سـۆزداری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان. خوێندەواریی میدیایی پێکهاتەیەکی دانەبڕاوە لە کاریگەریکردن لەسـەر ئەم ڕەهەندانەدا بەو پێیەی دانیشتوانی منداڵان ئەمڕۆ زۆر بەرکەوتەی ناوەڕۆکی میدیان لە تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت و میدیای دیجیتاڵی. یەکخستنی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەی منداڵان دەتوانێت هەریەکێک لەم ڕەهەندانە بەرز بکاتەوە بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەی سەرجەم لایەنەکانی منداڵان (Isaqov, 2024: 140). پەروەردەی منداڵ پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە کە لایەنە جیاوازەکانی گەشەی تاک لەخۆدەگرێت. لێرەدا گرنگترین ئەو ڕەهەندانە دەخەینەڕوو:

**1.1.3.2:** ڕەهەندی پەروەردەیی

لایەنی پەروەردەیی تیشـک دەخاتە سـەر فێربوونی قوتابخانە و گەشـەپێدانی فیکری. میدیا، کاتێک بە شـێوەیەکی گونجاو بەکاردەهێنرێت، توانای ئەوەی هەیە کە ببێتە سـەرچاوەیەکی فێرکاری کاریگەر، کە دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاری، کەرەسـتەی فێربوونی کارلێککارانە و زانیاری نێودەوڵەتی پێشـکەش دەکات. نمایشـە پەروەردەییەکان، فیلمە بەڵگەنامەییەکان و پلاتفۆرمی فێربوونی ئۆنلاین، سـەرنج و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەوروژێنن .(Mede et al. 2025: 174)

**2.2.3.2**: ڕەهەندی فێرکاریی

ئەم ڕەهەندە جەخت لەسەر چۆنیەتیی فێربوونی منداڵان و پرۆسێسکردن و بەکارهێنانی زانیارییەکان دەکاتەوە. شێوازی فێربوونی جۆراوجۆر وەک بینراو، بیسـتراو، و جوڵەیی لەخۆدەگرێت و پەرە بە کنجکاوی، گونجاندن، و گەشـەکردنی خۆئاڕاسـتەکراو دەدات لە ڕێگەی ئەزموون و گەڕانەوە لە ناوەوە و دەرەوەی پەروەردەی فەرمیدا. ڕێچکەیەکی نوێ و کارامەدی زانیاریی فێربوونە، کە فێربوونی خوێندکار و بەکارهێنانی زانیاری لە کۆن و پلانی شوێنیکراو دەگرێتەوە. فێرکاری لە بارەی کێشە و پرۆژەیەکی جیهان-ڕاستەوخۆ دەکات، بەهێزکردن بە ڕوویی کنجکاوی، مەبەستی کارامەد، و نیشاندانی پەیوەندی زانیاری بە ژیانەوە(Wikipedia,2025)

**3.2.3.2:** ڕەهەندی تەندرووستی جەستەیی

میدیا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسـەر بڕیار و کردەوەی تەندروسـتی منداڵان هەیە. بەرکەوتن بە هەڵمەتە تەندروستییەکان دەتوانێت خووی باشی خواردن و پاکوخاوێنی و وەرزشـکردن بەرەوپێش ببات.بەڵام بەبازاڕکردنی خۆراکی ناتەندروسـت یان بەرکەوتنی زۆر بە شـاشـەکان دەتوانێت دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی وەک قەڵەوی یان تێکچوونی خەو هەبێت .Luo et al. 2022)

**4.2.3.2:** ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی

منداڵان لە ڕێگەی بەکارهێنانی میدیاوە بەها و نۆرم و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بەدەست دەهێنن. میدیا توانای پەروەردەکردنی هاوسۆزی و هاوکاری و ڕێزگرتن لە هەمەجۆریی هەیە بە بەرکەوتنیان بە نمونەی ئەرێنی و ئەزموونی فرە کولتوری. لە لایەکی دیکەوە بەرکەوتن بە چەشنە کۆنەپەرستانەکان یان هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی دەتوانێت گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی تێکبدات. خوێندەواریی میدیایی منداڵان ئامادە دەکات بۆ بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی بەرپرسیارانە، ڕێزگرتن، گشتگیری و پەیوەندییە تەندروستەکانی هاوڕێیان بەرەوپێش دەبات ( Schilder& other, 2016: 39).

**5.2.3.2:** ڕەهەندی دەروونیی و فیزیۆلۆژیی

میدیا کاریگەری گرنگ و پەیوەندی بەهۆشیاری هەست، ناسنامە و وێنەی خۆی منداڵان هەیە. ناوەڕۆکی ئەرێنی و اجتماعی میدیایی دەتوانێت متمانە بەخۆبوون، خۆشگوزەرانی سۆزداری و بەهێزکردنی هەستەکانی خودارادەی منداڵان بەرز بکاتەوە، بەڵام هەروەها دەستکەوتەکان، جوانی ئایدیالیزەکراو، یان ئاستی ژیان لە میدیادا دەتوانن فشار روانی، کەمبوونەوەی خۆبەگەورەزانین، و نیگەرانی هەڵبگرن (Karaoğlu, 2025: 28).

**6.2.3.2:** ڕەهەندی ڕەفتاریی

منداڵان مەیلیان هەیە ئەو ڕەفتارانە تەقلید بکەن کە لە میدیاکاندا دەیبینن، یان باش یان خراپ. ناوەڕۆکی ئەرێنی دەتوانێت پاڵنەر بێت بۆ ڕەفتارە تەندروستەکان وەک خوێندنەوە یان هاوکاری، لە کاتێکدا ناوەڕۆکی توندوتیژ یان نەگونجاو دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی منداڵان شەڕانگێز بن یان بەشداری ڕەفتارە مەترسیدارەکان بکەن .(Huda & Hashim, 2022: 56)

**7.2.3.2**: ڕەهەندی زمانەوانیی

فێربوون بە زمانی دایک؛ تێگەیشتن و خۆدەربڕین و گەشەی مەعریفی بەرز دەکاتەوە. بناغەی فێربوونی زمانە نوێیەکان پێکدەهێنێت و پشتگیری لە ناسنامەی کولتووری، متمانە، و پەیوەندیی سۆزداری دەکات لەناو ژینگەی ماڵ و کۆمەڵگادا. (Raji&other , 2025)فێربوونی زمان بەشێکی جەوهەری پەروەردەی منداڵانە. بەرهەمی میدیایی بە زمانی دایکی منداڵان، لێهاتوویی زمانەوانی، ناسنامەی کولتووری و لێهاتوویی پەیوەندیکردن چەسپاندووە. سەرەڕای ئەوەش، بڵاوبوونەوەی زمانە بیانییەکان لە میدیا نێودەوڵەتییەکان دەتوانێت بەکارهێنانی زمانی دایکی کەم بکاتەوە (Valkanova,2022:153) پەروەردەیی میدیایی داوا لە منداڵان دەکات زمانی دایکی خۆیان بپارێزن و سەیری میدیای ناوخۆیی بکەن و توانای دوو زمانە یان فرە زمان بەدەست بهێنن بەبێ ئەوەی میراتی کولتووری لەدەستبدەن.

**8.2.3.2:** ڕەهەندی کولتووریی و هونەریی

کولتوور، بەها و بیروباوەڕ و داب و نەریت و جیهانبینیی منداڵ دادەڕێژێت. کاریگەری لەسەر ڕەفتار، ناسنامە، شێوازی پەیوەندیکردن، و شێوازەکانی فێربوون هەیە. ڕێزگرتن لە پاشخانە کولتوورییەکان لە پەروەردەدا، پەرەپێدانی گشتگیری و قەدرزانینی هەمەجۆریی ئەزموونی پەروەردەیی گشتی دەوڵەمەند دەکات. ڕەهەندی کولتووری ناسنامە و بەها و قەدرزانی میرات پەروەردە دەکات. میدیا منداڵان بە کولتوور و نەریت و هونەرە جۆراوجۆرەکان ئاشنا دەکات، جیهانبینییان دەوڵەمەندتر دەکات (Salimi & Torkiantabar, 2023: 211).

**2.3.2:** پەروەردەی منداڵ و گرنگیی خوێندەواریی میدیایی

لە سەردەمی هاوچەرخدا، کە بە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵ ناسراوە، منداڵان بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووبەڕووی کاریگەریی تۆڕە میدیاییەکان دەبنەوە، لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە تا دەگاتە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، ڤیدیۆی پەروەردەیی، و یارییە ڤیدیۆییەکان. ئەم بەرکەوتنە هەم دەرفەت و هەم ئاڵنگاری بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی منداڵان دروست دەکات. لەم چوارچێوەیەدا، تێکەڵکردنی خوێندەواریی میدیایی لە پرۆسەی پەروەردەی منداڵاندا بووەتە پێداویستییەکی بنەڕەتی بۆ پەروەردەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی میدیا، و گەشەی مەعریفیی گشتی (بروال، ٢٠١٧: ٣٦). پەروەردەی منداڵان بەو پرۆسە و شێواز و ئەزموونانە پێناسە دەکرێت کە ئاسانکاری بۆ گەشەی هزری، سۆزداری، کۆمەڵایەتی، و جەستەیی دەکەن. گرنگە پرۆگرامە پەروەردەییەکان لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەی منداڵدا بگونجێن، تا دڵنیایی بدرێت لەوەی کە منداڵان ئەو زانیاری و لێهاتووییانە بەدەستدەهێنن کە لەگەڵ تەمەن و توانا مەعریفییەکانیاندا بگونجێت (سوادي، ٢٠٢٤: ١٦٩).

لە بەرامبەردا، خوێندەواریی میدیایی ئەو کارامەییانە لەخۆدەگرێت کە پێویستن بۆ ئەوەی تاک بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ دیمەنی میدیایی

فراوان و هەمەچەشــن بگونجێت (عيسي ـ و الرفاعي، ٢٠٢٤: ٣٧٠). میدیا ڕۆڵێکی بەرچاو لە داڕشــتنی گەشــەی مەعریفی و کۆمەڵایەتیی منداڵاندا دەگێڕێت. منداڵان هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە ڕووبەڕووی جۆرەها ناوەڕۆکی میدیایی دەبنەوە کە کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنیان لە جیهان و ڕەفتارەکانیان هەیە. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە میدیای پەروەردەیی، وەک بەرنامەکان و یارییە پەروەردەییەکان، دەتوانن سوودبەخش بن لە پەرەپێدانی فێربووندا (اسماء، ٢٠٢١: ٣٣٦-٣٣٧). بەڵام، کاریگەریی میدیا هەمیشە ئەرێنی نییە؛ منداڵان ڕووبەڕووی ئەو میدیایانەش دەبنەوە کە توندوتیژی بڵاو دەکەنەوە. بەرکەوتنی درێژخایەن بەم جۆرە ناوەڕۆکانە دەتوانێت ببێتە هۆی گەشــەکردنی ڕەفتاری شــەڕانگێزی و شــێواندنی تێگەیشــتنیان لە واقیع (بونعارة، ٢٠٢٣: ٣٦٥). لێرەدایە کە خوێندەواریی میدیایی گرنگیی خۆی دەردەخات؛ بە فێرکردنی منداڵان چۆن بە شــێوەیەکی ڕەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ میدیا بکەن، دەتوانرێت کاریگەرییە نەرێنییەکانی ناوەڕۆکی زیانبەخش کەم بکرێتەوە و هان بدرێن ببنە بەکارهێنەرێکی تێگەیشتوو (عيسى ـ، ٢٠٢١: ١٦٠). پەیوەندیی نێوان پەروەردەی منداڵان و خوێندەواریی میدیایی لەوەدا یەکدەگرێتەوە کە پەروەردەی ئەمڕۆ دەبێت لە بابەتە تەقلیدییەکانی وەک بیرکاری و زانســـت تێپەڕێت بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ پێشــکەوتنە تەکنەلۆژییەکاندا بگونجێنێت. خوێندەواریی میدیایی توانای منداڵان بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بڕیاردانی ئاگادارانە بەرز دەکاتەوە. بۆ نموونە، منداڵان هان دەدات پرســـیار لە وردی و متمانەپێکراوی ئەو زانیارییانە بکەن کە لە پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکاندا، بەتایبەتی ســـۆشـــیال میدیا، ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (بنوان، ٢٠٢٤: ٣٤٠-٣٤٢). یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی خوێندەواریی میدیایی، پەروەردەکردنی تێگەیشــتنی منداڵانە لەوەی چۆن میدیا کاریگەری لەســەر ڕایگشــتی و بڕیارە ســیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەم زانیارییە منداڵان بەهێز دەکات بۆ بڕیاردانی بەرپرســـیارانە و هانیان دەدات بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن میدیا بیروباوەڕ و کردارەکانیان دادەڕێژێت (عيسى ـــ، ٢٠٢١: ١٥٩).

ســـەرەڕای ســـوودەکانی، تێکەڵکردنی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەی منداڵاندا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبێتەوە. یەکێک لە بەربەســـتە بەرچاوەکان، نەبوونی ســـەرچاوە و ڕاهێنانی پێویســـتە بۆ پەروەردەکاران. زۆرێک لە مامۆســـتایان، ســـەرەڕای دانپێدانان بە گرنگیی خوێندەواریی میدیاییدا، هەست دەکەن ئامادەکاریی پێویستیان نییە بۆ فێرکردنی بەهۆی کەمیی دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی و کەرەستەی خوێندنەوە (عيسى ـ، ٢٠٢١: ١٦٠). ئاڵنگارییەکی دیکە بریتییە لە دابەشـبوونی دیجیتاڵی (digital divide)؛ دەسـتڕاگەیشـتنی نایەکسـانی منداڵان بە ئامرازە دیجیتاڵییەکان و ئینتەرنێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە گوندنشـینەکان و ناوچە کەمداهاتەکاندا، وایکردووە بەشـداریکردنیان لەم بەرنامانەدا قورس بێت و لە پەرەپێدانی ئەو لێهاتووییانەدا دوا بکەون کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میدیای دیجیتاڵیدا پێویســـتن. هەروەها هێنانە ناوەوەی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەی منداڵاندا، کەلێنی نێوان فێربوونی ماڵەوە و قوتابخانە دادەخات. مامۆســـتا و دایک و باوک تەواوکەری یەکترن لە پێشـــەنگایەتیکردنی منداڵان بۆ ئەوەی ببنە بیرمەندی ڕەخنەگرانە ســـەبارەت بە میدیا. دەتوانرێت خوێندەواریی میدیایی لە بابەتەکانی قوتابخانەدا وەک هونەری زمان، خوێندنی کۆمەڵایەتی، جێگیر بکرێت و دایک و باوک دەتوانن بەکارهێنانی دروســـت لە ماڵەوە نیشان بدەن (Wadsworth, 2022: 50). ئەم هاوکارییە پشتگیری لە ڕەفتاری بەردەوام دەکات، هانی منداڵان دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کنجکاو و هەم بە ئاگادارییەوە پەیوەندی لەگەڵ میدیادا بکەن.

**4.2:** چەناڵی یوتیووب و پەیامەکانی

یوتیووب سەکۆیەکی ئەمریکییە بۆ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و یەکێکە لە بەناوبانگترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهاندا. ئەم پلاتفۆرمە لەلایەن چاد هورلی، ســتیف چین، و جاوید کەریمەوە دامەزراوە و لە ئێســتادا لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە خاوەندارێتی دەکرێت. یوتیووب لە ڕووی زۆریی سەردانیکردنەوە، دووەم بەناوبانگترین وێبسایتە لەدوای گوگڵ سێرچەوە (محمد، ٢٠٢٣: ٤٢). یەکەمین ڤیدیۆی یوتیووب لە ٢٥ی نیســانی ٢٠٠٥ لەژێر ناونیشــانی "من لە باخچەی ئاژەڵان" لەلایەن جاوید کەریمەوە بڵاوکرایەوە. تا کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، ژمارەی بینەرانی ڤیدیۆکانی یوتیووب گەیشــتە ٨ ملیۆن کەس لە ڕۆژێکدا (حســن و حمد، ٢٠١٧: ٢٢). یوتیووب بە جۆرێک دیزاین کراوە کە لەســەر هەموو ســیســـتەمەکانی مۆبایل و ئامێرە زیرەکەکان کار بکات. کوالێتیی ڤیدیۆکان لە (144 p) ەوە دەســـت پێدەکات تا دەگاتە (1080 p) کە بەرزبوونەوەی کوالێتییەکە یارمەتیدەرە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەران (Jumardi et al.,2024) تایبەتمەندییەکانی تری یوتیووب بریتین لە توانای بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ لەلایەن بەکارهێنەرانەوە، جێهێشــتنی بیروڕا (کۆمێنت) لەژێر ڤیدیۆکان، و زیادکردنی ڤیدیۆکان بۆ لیســتی دڵخوازەکان. بەکارهێنەران دەتوانن بەشـــداری لە کەناڵەکاندا بکەن (subscribe) بۆ ئەوەی لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی نوێدا ئاگادار بکرێنەوە (بوشتاقة و شناف، ٢٠١٩: ١٨). هەروەها، چالاککردنی ئاگادارکەرەوەکان و دابەزاندنی ڤیدیۆکان بۆ بینینیان بەبێ هێڵی ئینتەرنێت، دوو تایبەتمەندیی گرنگی ترن (مهية، ٢٠١٩: ١١٩). هاوکات بەکارهێنەران دەتوانن پەخشی ـ ڕاســتەوخۆ ئەنجام بدەن و بینەرانیش لە ڕێگەی کۆمێنتەوە بەشـداری بکەن. جگە لەوەش، یوتیووب بووەتە شـێوازێکی بەناوبانگ بۆ بەدەســتهێنانی داهات، کە تێیدا خەڵکێکی زۆر بژێوی ژیانیان لەم ڕێگەیەوە دابین دەکەن (Jumardi et al., 2024) بەدەســتهێنانی داهات لە یوتیووب لە ڕێگەی ڕێژەی بینینی ڤیدیۆکانەوەیە؛

یوتیووب بۆ هەر هەزار بینەرێک نزیکەی ٥ دۆلار بە خاوەن کەناڵەکە دەدات. خاوەن کەناڵەکان بۆ ڕاکێشـــانی ســـەرنجی بینەر، بیرۆکەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، وەک ڤیدیۆی داهێنەرانە، فێرکاریی ماکیاژ، دروستکردنی ڤلۆگ (vlog) لەسەر گەشتکردن و ئامادەکردنی خواردن، بڵاوکردنەوەی گۆرانی، یان زانیاریی ئایینی(Osman et al., 2022: 2) .کەواتە؛ ڕیکلامکردن لە ڕێگەی یوتیووبەوە ڕێگەیەکی باوی پەیداکردنی داهاتە، کە تێیدا کۆمپانیا گەورەکانی وەک کۆکاکۆلا بەرهەمەکانیان بە خەڵک دەناسێنن. بە گشتی، دروستکردنی ناوەڕۆکی هەمەچەشن وەک ڤلۆگ، چالاکیی ڕۆژانە، و بوارە جیاوازەکان، هەمووی ئامانجیان ڕاکێشانی سەرنج و کۆکردنەوەی زۆرترین بینەرە.

**1.4.2:**چەناڵی یوتیووب و پەیامەکانی پەروەردەی میدیایی منداڵ

لە چاخی دیجیتاڵی هاوچەرخدا، یوتیووب وەک پلاتفۆرمێکی باڵادەســت دەرکەوتووە کە بووەتە ســەکۆیەکی ســەرەکی بۆ بەکاربردنی میدیایی منداڵان و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پەروەردەیان هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، پەروەردەی میدیایی، بەتایبەتی کاتێک ئاراستەی بینەرانی گەنج دەکرێت، منداڵان بەو کارامابیە بنەڕەتییانە پڕچەک دەکات کە پێویستن بۆ مامەڵەکردن و شیکردنەوەی ئەو ناوەڕۆکە بەرفراوانەی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان پەروەردەی میدیایی و یوتیووب ڕۆڵێکی چارەنووســـاز لە پەرەپێدانی هاووڵاتییەکی دیجیتاڵیی هۆشیار و بەرپرسیاردا دەگێڕێت. ئامانجی سەرەکیی پەروەردەی میدیایی بریتییە لە بەهێزکردنی منداڵان بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ میدیادا کارلێک بکەن، توانای جیاکردنەوەی زانیاریی باوەڕپێکراویان لە زانیاریی ناڕاسـت هەبێت، و لە پاڵنەرە شـــاراوەکانی پشـــت شـــێوازە جیاوازەکانی ناوەڕۆکی میدیایی تێبگەن. یوتیووب، وەک یەکێک لە پلاتفۆرمە هەرە بەناوبانگەکانی منداڵان، کۆمەڵێک ناوەڕۆکی هەمەچەشن پێشکەش دەکات، لە ڤیدیۆی پەروەردەییەوە تا دەگاتە کات بەسەربردن. لە کاتێکدا ئەمە دەرفەتێکی گەورە بۆ فێربوون دەڕەخسـێنێت، لە هەمان کاتدا ئاڵنگاریی وەک بەرکەوتن بە ناوەڕۆکی زیانبەخش، کاریگەریی ڕیکلامی نەگونجاو، و مەترسـیەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی دروستکراوی بەکارهێنەر (user-generated content) دەخاتە ڕوو. (شیماء و حمزة، 2020: 42).
توێژینەوەکان جەخت لەسەر گرنگیی ڕێنمایی و چاودێریی گەورەکان (باوان و پەروەردەکاران) دەکەنەوە. ئەوان دەتوانن وەک "ڕێنیشـاندەری میدیایی" خزمەت بکەن و یارمەتیی منداڵان بدەن بۆ لێکدانەوە و بەکارهێنانی ناوەڕۆکی یوتیووب بە شـێوەیەکی سـوودبەخش. بەم شـێوەیە، یوتیووب لە تەنها پلاتفۆرمێکی کات بەســـەربردنەوە دەگۆڕێت بۆ ســـەرچاوەیەکی پەروەردەیی کە لەگەڵ بنەماکانی خوێندەواریی میدیاییدا هاوتەرییە. لە کاتێکدا یوتیووب توانای پەروەردەیی بێئەندازەی هەیە، بەڵام پێویســـتی بە لێهاتوویی خوێندەواریی میدیایی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بەناو ئاڵۆزییەکانیدا تێپەڕێت. توێژینەوەکان ئاماژە بە بوونی "دابەشـــبوونێکی دیجیتاڵی (digital divide) "دەکەن، کە جیاوازی لە دەستڕاگەیشـتن و تێگەیشـتندا، ڕێگرە لە بەردەم هەندێک منداڵدا بۆ سـوودمەندبوونی تەواو لە پلاتفۆرمە میدیاییەکان. بۆیە، بە تێکەڵکردنی پەروەردەی میدیایی لە سـیسـتەمی فەرمی و دروسـتکردنی ژینگەیەکی پشـتگیر بۆ گەڕانی دیجیتاڵی، پەروەردەکاران و دایک و باوکان دەتوانن یارمەتیی منداڵان بدەن بۆ ئەوەی زۆرترین ســـوود لە یوتیووب وەربگرن، لە هەمان کاتدا مەترســـییەکانی کەم بکەنەوە. (Zineb، 2022). لە کاتێکدا یوتیوب توانای پەروەردەیی بێئەندازەی هەیە، بەڵام پێویستی بە لێهاتوویی خوێندەواری میدیایی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بە بەنێو ئاڵۆزیەکاندا بڕوات و دوور بێت لە هەموو کێشەیەک، توێژینەوەکان "دابەشبوونێکی دیجیتاڵی" یان دەستنیشانکردووە کە جیاوازی لە دەســتڕاگەیشــتن و تێگەیشــتندا ســنووردار دەکات بۆ هەندێک منداڵ لە ســوودمەندبوونی تەواو لە پلاتفۆرمە میدیاییەکان، بە تێکەڵکردنی پەروەردەی میدیا لە سـیسـتەمی پەروەردە و پەروەردەکردنی ژینگەیەکی پشـتگیر بۆ گەڕانی دیجیتاڵی، پەروەردەکاران و دایک و باوکان دەتوانن یارمەتی منداڵان بدەن بۆ زۆرترین سوود وەرگرتن لە یوتیوب و لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی مەترسییەکانی.

**2.4.2:** چەناڵی یوتووب و پەیامەکانی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی وەک کارامەییەکی بنەڕەتی و پێویســـت بۆ منداڵان دێتە ئەژمار، تا بتوانن بە شــێوەیەکی هۆشــیارانە لەناو ئاڵۆزییەکانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی وەک یوتیووبدا مامەڵە بکەن. ئەم چەمکە، کە بە توانای شـــیکردنەوەی ڕەخنەگرانە، هەڵســـەنگاندن، و دروسـتکردنی ناوەڕۆک پێناسـە دەکرێت، منداڵان بەهێز دەکات بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی مانادار و بەرپرسـیارانە لەگەڵ ناوەڕۆکی دیجیتاڵیدا کارلێک بکەن(Livingstone, 2020. 12) .

پلاتفۆرمی یوتیووب، وەک یەکێک لە بەناوبانگترین سەکۆکانی منداڵان، دەرفەتی بەرفراوان بۆ فێربوون و کات بەسەربردن پێشکەش دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاڵنگاریی وەک بەرکەوتن بە زانیاریی هەڵە و ناوەڕۆکی نەگونجاویان بۆ دروست دەکات. لە لایەکی ئەرێنییەوە، یوتیووب چەندین کەناڵی پەروەردەیی لەخۆدەگرێت، وەک `Crash Course Kids` و`Sesame Street` ، کە فێربوون لە بوارەکانی زانست، بیرکاری، و هونەردا بەهێز دەکەن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەچێنن، ئەمەش بەشـداری لە گەشـەی مەعریفی و سـۆزداریی منداڵاندا. جگە لەوەش، یوتیووب هـانی منداڵان دەدات بۆ دروســـتکردنی ناوەڕۆکی خۆیان، کە لە ڕێگەی چالاکییەکانی وەک مۆنتاژکردنی ڤیدیۆ و چیرۆکگێڕانەوە، توانای تەکنیکی و خۆدەربڕینیان بەرز دەکاتەوە و فێری چۆنیەتیی بنیاتنانی میدیایان دەکات(Horrigan, 2019: 35-37) . بەپێ شـارەزایی لە خوێندەواریی میدیاییدا، منداڵان ڕەنگە کێشەیان هەبێت لە جیاکردنەوەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە ناوەڕۆکی چەواشەکارانە، کە ئەمەش

دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاریی نادروست. هەروەها، ڕیکلامەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر یوتیووب هەیە و دەتوانن هەڵبژاردنەکانی منداڵان ئاراستە بکەن .(Martin & Smith, 2021: 50-53) .بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگاریانە، پێویستە پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی بە شێوەیەکی سیستماتیک لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندن و ستراتیژییەکانی پەروەردەکردندا تێکەڵ بکرێت. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ئەو بەرنامانەی گرنگی بە هەردوو لایەنی شیکاریی ڕەخنەگرانە و دروستکردنی ناوەڕۆک دەدەن، توانای منداڵان بۆ مامەڵەکردنی بەرپرسیارانە لەگەڵ میدیای دیجیتاڵیدا باشتر دەکەن. لەم نێوەندەدا، دایک و باوکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەسەر مەترسییە ئۆنلاینەکان و دانانی سنوور بۆ کاتی بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگاریانە، دەتوانرێت پەروەردەی خوێندەواری میدیا بخرێتە ناو مەنهەجی قوتابخانە و ستراتیژییەکانی پەروەردەکردنی منداڵەوە، توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ئەو بەرنامانەی کە گرنگی بە هەردوو شیکاری ڕەخنەگرانە و دروستکردنی ناوەڕۆک دەدەن توانای منداڵان بۆ لێکدانەوە و بەرهەمهێنانی میدیای دیجیتاڵی بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە باشتر دەکەن .(Nguyen, 2022: 60-63). لە کۆتاییدا، خوێندەواریی میدیایی وەک پردێک لە نێوان دەرفەت و مەترسییەکانی پلاتفۆرمەکانی وەک یوتیووبدا کار دەکات. بۆیە، لێکۆڵینەوەی بەردەوام و پەرەپێدانی سیاسەتی گونجاو پێویستە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی لەگەڵ دیمەنی دیجیتاڵیی هەمیشە لە گۆڕاندا هاوتەرییە.

**3.** کردەنینامەی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەی چۆنێتیی و ڕێکارەکانی

ڕێبازی چۆنێتیی؛ ئەو شێوازە توێژینەوانە دەگرێتەخۆ کە جەخت لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای ناژمارەیی وەک وشە، وێنە یان تێبینیی دەکەنەوە کە ئامانج لێی گەیشتنە بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە ئەزموون، تێڕوانین و چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی بەشداربووان (Hossain, 2021: 144) ئەم ڕێبازە کۆمەڵێک تەکنیکی نەرمی توێژینەوەی لەخۆدەگرێت، لەوانە: چاوپێکەوتن، گرووپی فۆکەس و تێبینییکردن کە ئامانجیان بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی دەوڵەمەند و وردە لە ڕەفتاری مرۆڤ و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان(Lindgren et al., 2020) . بەپێچەوانەی ڕێبازی چەندێتیی کە هەوڵی پێوانەکردن و گشتاندن دەدات؛ ڕێبازی چۆنێتیی هەوڵی دۆزینەوە و لێکدانەوەی واتاکان لەناو چوارچێوەی سروشتیی خۆیاندا دەدات .توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکەی پەنای بردۆتە بەر دوو ئامراز کە بەکاریان بهێنێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکەی، لەوانە:

**1.3:** شیکردنەوەی ناوەڕۆک

شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Content Analysis)؛ ڕێکارێکە لە ڕێکارەکانی ڕێبازی چۆنێتیی کە بەشێوەیەك ڕێکخراوە بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی دەق، وێنە و بەرهەمە بەردەستەکان، بە ئامانجی دەرهێنانی زانیاریی واتادار، دەستنیشانکردنی نەخشەکان و تێگەیشتن لە بابەتە بنەڕەتییەکان. ئەم ڕێکارە؛ پشکنین و لێکدانەوەی وردی تۆمارە نووسراو و بینراوەکان لەخۆدەگرێت، بە ئامانجی باشتر تێگەیشتن لە چوارچێوە کولتوورییەکانی ناو کۆمەڵە داتایەک کە زۆرجار بۆ تەواوکردنی شێوازەکانی تری توێژینەوە بەکاردەهێنرێت (Bammidi, 2019: 8). هەروەها وەک ڕێگەیەکی زانستیی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بابەتە میدیاییەکاندا پێناسە دەکرێت (ڕێشاوی و تاڵەبانی، ٢٠٢٣: ٦٨-٧٠).

لەو سۆنگەیەوە؛ شیکردنەوەی ناوەڕۆک پشت بە چەند یەکەیەکی سەرەکیی دەبەستێت، لەوانە: وشە، بیرۆکە، کەسایەتی، شوێن، کات، بابەت. هاوکات بۆ پۆلێنکردنی شیکردنەوەیش پشت بە وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکیی دەبەستێت، لەوانە: "چی وتراوە؟" و "چۆن وتراوە؟" کە ئەوەیش بەسەر پۆلێنە ڕواڵەتیی و ناڕەوالەتیی یان ناوەڕۆکەکانییدا دابەشدەبن (بڕوانە خشتەی ژمارە: 02). هەربۆیە؛ لەم توێژینەوەیەدا پشت بەم ڕێکارە بنچینەییەی ڕێبازی چۆنێتیی بەستراوە، ئەویش لەبەر پتر لە هۆکارێك، لەوانە: دیارییکردنی کێشەی توێژینەوەکە لە شێوەی پرسیار یان گریمانەدا؛ دیارییکردنی ئەو بابەت و پرسەی توێژەر شیکاریی بۆ دەکات؛ دەستنیشانکردنی یەکەی شیکردنەوە (unit of analysis) کە هەنگاوێکی گرنگە و پێویستە بە وردیی دیاریی بکرێت؛ دارشتنی پۆلێنەکانی شیکردنەوە (categories of analysis) لەسەر بنەمای یەکەی شیکاریی؛ دیارییکردنی کۆمەڵگە و مشتی توێژینەوە کە شیکارییەکەی لەسەر دەکرێت، دیارییکردنی چۆنێتیی شیکردنەوەی داتاکان بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی گونجاو و وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە.

**خشتەی ژمارە: 01**

**شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووبی ئافەرین و ئێن.ئار.تی3 سێ**

| یەکەی شیکاری | دەستەی شیکاری | |
|---|---|---|
| | ڕەهەندەکانی<br>خوێندەواریی میدیایی | **ڕەهەندەکانی**<br>پەروەردەی منداڵان |
| **وشە**<br>**بیرۆکە**<br>**بابەت**<br>**کەسایەتی**<br>**کات**<br>**شوێن** | پەروەردەیی<br>ئایینی<br>فێرکاریی<br>تەندرووستیی<br>دەروونیی<br>میدیایی<br>سیاسیی<br>هۆشیاریی<br>یاسایی<br>خۆشباریی<br>زمانەوانیی<br>تەکنەلۆژیی<br>ئابووریی<br>کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی<br>ئەدەبیی و هونەریی | پەروەردەیی<br>فێرکاریی<br>تەندرووستی جەستەیی<br>کۆمەڵایەتیی<br>دەروونیی<br>ڕەوشتیی<br>زمانەوانیی<br>هونەریی و ئەدەبیی |

**2.3 :** چاوپێکەوتنی چڕ

چاوپێکەوتن؛ یەکێکی دیکەیە لە ڕێکارە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی داتای چۆنێتیی کە بریتییە لە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ و ئامانجدار لە نێوان توێژەر و بەشداربوودا، بە مەبەستی بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی ورد و قووڵ لە ئەزموون و هەڵوێستەکانی (Edwards and Holland, 2013: 1). واتە وەک گفتوگۆیەکی زانستیی بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێویست بۆ داتای توێژینەوەکە دادەنرێت (بڕوانە خشتەی ژمارە 03).

ڕێشاوی و تاڵەبانی (٢٠٢٣) جەخت لە پێوەرەکانی ئەم ڕێکارە دەکەن و پۆلێنی دەکەن بۆ هەریەك لە: بابەت (وەک چاوپێکەوتنی جەختلێکراو)، ژمارەی بەشداربووان (تاکەکەسیی یان بەکۆمەڵ)، شێوازی ڕێکخستن (پێکهاتەیی یان نیمچە-پێکهاتەیی)، سروشتی پرسیارەکان (کراوە یان داخراو)، مەبەستی دیارییکراو (وەک ڕووپێویی یان چارەسەریی). هەڵبەت ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێکی سەرکەوتوو؛ پێویستیی بە ئامادەکاریی وردتر هەیە، لەوانە: دیارییکردنی ئامانج، نموونە و پرسیار. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم ڕێکارە ئەوەیە کە زۆرتر بۆ کۆکردنەوەی داتا لەو کەسانە گونجاوە کە توانای نووسینیان نییە یان ئارەزووی ناکەن، وەک کەسانی بەتەمەن، خاوەن پێداویستیی تایبەت، منداڵان و نەخوێندەواران (ڕێشاوی و تاڵەبانی، ٢٠٢٣: ٩٤-٩٨).

**خشتەی ژمارە: 02**
**ناو و ناونیشانی بەرتوێژانی چاوپێکەوتنی زانستیی توێژینەوەکە**

| ژ | ناوی سیانیی بەرتوێژان | شوێنی بەرتوێژان | پسپۆری بەرتوێژان | شوێنی چاوپێکەوتن | مێژووی چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ. د.کەریم قەرەچەتانی | زانکۆی جیهان | دەروونناسیی منداڵان | سلێمانی | 31-5-2025 |
| 2 | موەفەق عارف لهۆنی | پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هونەر | سلێمانی | 6-4-2025 |
| 3 | مەحموود عەبدولکەریم قادر | پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی باخچەی منداڵان | سلێمانی | 14-4-2025 |
| 4 | دیمەن حەمەعەلی سەعید | پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی باخچەی منداڵان | سلێمانی | 6-4-2025 |
| 5 | سۆزان محەمەد | پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی باخچەی منداڵان | سلێمانی | 6-4-2025 |
| 6 | عەدنان عەبدوڵا شاسوار | جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی کانگا | ئەندازیاری کشتوکاڵی | سلێمانی | 5-7-2025 |
| 7 | ئامانج حەسەن | بەڕێوەبەری ئافەرین | پەیمانگەی ڤێتەرنەری سلێمانی | سلێمانی | 31-4-2025 |
| 8 | کرمانج محەمەد | بەڕێوەبەری ئێن.ئار.تی3 سێ | مامۆستای باخچەی منداڵان | سلێمانی | 1-5-2025 |
| 9 | ئەمین سەپان | پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی | شاعیری منداڵان | سلێمانی | 15-4-2025 |

## 4. شیکارییبنامەی توێژینەوە

**1.4:** دەروازەی بەش

لەم بەشەدا و بە پشت بەستن بە ڕێکارەکانی ڕێبازی توێژینەوەی چۆنێتی؛ داتای هەریەك لە چاوپێکەوتنی چڕ لەگەڵ بەرتوێژان و شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووب لەبارەی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەکردنی منداڵ-دا دەخرێنەڕوو و بە وردیی ڕاڤە دەکرێن.

2.4: چەناڵی یوتیووبی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکانیان

بە پشت بەستن بە مشتی وەرگیراو ی توێژینەوەکە؛ شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی ئێن.ئار.تی3و چەناڵی ئافەرین دەکرێت. لەشیکردنەوەکان-دا؛ واتای دیار و نادیاری پەیامی گۆرانییەکانی دەخرێنە ڕوو. لەو چوارچێوەیەشدا؛ یەکەی شیکاریی بریتییە لە "بابەت" و دەستەی شیکاریی-ش لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ پێکهاتوون، لەوانە:

1.2.4:شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی پەروەردەیی و فێرکاریی گۆرانی منداڵان

یەکێک لە ڕەهەندە هاوبەشــەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ؛ پەروەردەیی و فێرکاریی-ە کە پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووبی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین لە چەند دێرە شعرێکدا کۆکردۆتەوە، لەوانە:

**'بەرگریکارێکی باشە پیاز سوودی زۆرە - ڕەنگەکانی کەلەرم سپی لەگەڵ مۆرە'**
**قەرنابیت دەوڵەمەندە بە ڤیتامین سی وکەی- پرتەقاڵی و مۆرە گێزەر هەردوو جۆرەکەی**
**سەوزەکان..سەوزەکان - سەوزەکان ..سەوزەکان**
**' بەسوودن بۆ ژیان'**

ئەو شیعرە بەرهەمی چەناڵی ئێن.ئار.تی3 وبە ناوی "سەوزەکان"؛ ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان-ی تێدایە. شاعیر لە ڕێگەی شـعرەکەیەوە دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت کە خواردنی سـەوزە و میوەکان، گرنگییان زۆرە و منداڵان بۆخواردنی سـەوزەکان و پێدانی زانیارییەکان دەربارەی جۆرەکانی سەوزە و تایبەتمەندییەکانیان هاندەدات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە؛ شاعیر پەنای بردووەتە بەر زمانێکی سادە و ساکار کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی منداڵاندا بگونجێت. بۆ نموونە، دەستەواژەی "سەوزەکان... سەوزەکان"، دەی بیخۆن هەمووتان" ڕسـتەیەکی ڕوون و ڕاسـتەوخۆی هاندەرە. بە دووبارەکردنەوەی ئەم ڕسـتەیە؛ شـاعیر جەخت لەسـەر گرنگیی خواردنی سـەوزە دەکاتەوە و هەوڵدەدات ئەم پەیامە لە مێشـکی منداڵاندا بچەسـپێنێت. بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە لە چەناڵێکی تایبەت بە منداڵان بە شـێوەی گۆرانی کاریگەریی زیاتر دەبێت، چوونکە شیعرەکە ناوی زۆربەی سەوزە باوەکانی وەک: "پەتاتە"، "بیبەر"، "پرۆکۆلی"، "توور"، "پیاز"، "کەلەرم"، "قەرنابیت"، "گێزەر"، "سـپێناخ"، "چەوەنـدەر"، "شـێلم"، "کاهوو"-ی هێنـاوە. ئەوەیش دەبێتە هۆی دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی وشەسازیی منداڵان. هاوکات شـاعیر وەسـفی ڕەنگ و شـێوەی سـەوزەکان دەکات، هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت: "سـوور و سـپییە شـێوەی توور سـەوزە گەڵاکەی" و "ڕەنگەکانی کەلەرم سـپی لەگەڵ مۆرە". بەم شـێوەیە، شـیعرەکە وێنەیەکی زیندوو لە خەیاڵی منداڵاندا دروستدەکات و وایان لێدەکات بە ئاسانیی سەوزەکان بناسنەوە و حەزیان لێیان بێت .

**'لە دارستان درەختێک هەبوو * درەختێکی جوان**
**وێنەی نەبوو * ئەم درەختە ڕەگەکەی**
**لە ناو زەوی بوو * لە چواردەوری گەشەی کرد**
**گژوگیایی نایاب * ئەم درەختە چڵی هەبوو '**
**'گژوگیایی نایاب لە گەڵ گوڵی مۆر و سورو شین و زەردا * هاتنە دەرێ لە هێلکەکە '**

پەیامی گۆرانی "درەخت" بەرهەمی چەناڵی ئێن ئاتری سـێیەو ، ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ تێدایە ، بە شـێوازێکی ڕەوان و سادە پەیوەندی منداڵ بە بنچینەی ژیان بە سرووشت و ژیانی درەختە وە دەبەستێتەوە ، "ئەم درەختە ڕەگەکەی لە ناو زەوی بوو"، "لە چواردەوری گەشەی کرد" ، گۆرانییەکە بەپەیامی پەروەردەیی منالان ڕێنمایی دەکات بۆ ئەوەی گرنگی بە ژینگە بدەن ، کە ئەمە پەیوەندی ڕاسـتەوخۆی بە پەروەردەی منالەوە هەیە. ، قۆناغی گەشـەی درەخت و باڵندە ("هاتنە دەرێ لە هێلکەکە") فێری سـوودەکانی خواسـتن وگەورەبوون دەکات، منداڵان فێر دەکات کە هەمووو بونەوەرێک لە سەر ئەم زەمینە قۆناغی گەشە کردنی و بەردەوام بوونی هەیە لە ژیان. کە ئەم شیکردنەوەیە ڕەهەندی پەروەردەی و فێرکاریی دەردەخات.

**'ئ وەکو ئاڵا * ب وەکو باڵا '**
**'پ وەکو پەنیر * ت وەکو تیر'**
**'ج وەکو جۆلا * چ وەکو چەپڵە '**

**پەیامی** گۆرانی 'لە سـەو پیتە کوردییەکان' پەیامێکی پەروەردەیی و فێرکارییە ، کە یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، لە چەناڵی ئێن.ئار.تی3 سێ ، بە شـێوازێکی یاریانە و خۆشـباری فێری پیتەکانی زمانی کوردیت دەکات، کە یارمەتی منداڵ دەدات لە ناسـینەوەی پیتەکان و پەیوەندیکردنیان بە شـتی ڕۆژانەوە ، "ئ وەکو ئاڵا، ب وەکو باڵا" پەیوەندیکردنی پیت بە شـتی دیار و ڕەنگین کە لە یادنەچێت. پەیامی گۆرانییەکە ڕەهەندی فێرکارییە ، دەیەوێت بە شیوازی میوزیک و خۆشبی بەخشین وئاسان فێرکاری پیتەکان بکات ،('پ وەک پەنیر' ، 'ت وەک تیر' ، 'ج وەک جۆلا '، 'چ وەک چەپڵە ') ، کە کاریگەرییەکی زیاتری هەیە لە فێربوونی منداڵان

**'بە هەوڵ کۆڵنەدان * ئەگەین بە ئاواتمان'**
**'زۆر سەختە ڕێگاکانمان * ناوەستین لە رویان'**
**'ئێمە شکست ناناسین * بە جوانی سەیرمان بکەن'**

بەرهەمی چەناڵی ئافەرینە بە ناوی 'توپی پی' ، ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان لە پەیامی گۆرانیەکانی چەناڵی ئافەریندا هەیە ، یەکێک لە ڕەهەندانە ڕەهەندی پەروەردەو فێرکردنە ، ئەو گۆرانییە دەربارەی هەوڵدان، سـەرسـام نەبوون، و بەدەسـتهێنانی ئامانجە وشـەیەکان و وێنەسـازییەکانی وەک "بە هەوڵ کۆڵنەدان"، "تیدەکۆشـین بەردەوام" و "ئێمە شـکسـت ناناسـین" بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ هەسـت بە هەوڵ و خۆباوەری تێدایە ، ئەمە بە درێژایی فێرکارییەکە دەتوانێت ڕۆڵێکی پەروەردەیی لەسـەر منداڵان بەجێبهێڵێت، بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی چۆن میدیا دەتوانێت بێتە ئامرازێکی فێربوون و گەشـەپێدان گۆرانی "تۆپی پێ" پەیامێکە لەسـەر هەوڵدان،"ئەگەین بە ئاواتمان "،

هەمواركردنی سەركەوتن، و تێگەیشتنی بەهێز. ئەمانە لە چوارچێوەی پەروەردەی منداڵان، رێنماییەكانی گرنگن بۆ گەشەی پەسەند و مێشكی منداڵ، بەهۆی دروستكردنی باوەڕ بەخۆ و هەست كردن بە خۆی . شاعیر دەیەوێت لە رێگەی چەناڵی یوتیوبەوە كە زۆرترین منداڵ دەیبینێ پەیامەكەی بگەیەنێت.

**'سەرچاكە سەرچاكە * قژت زۆر بوە سەرچاكە'**

بەرهەمی چەناڵی ئافەرین-ە،پەیامی گۆرانی "سـەرچاكە" پەیوەندی بە رەهەندی پەروەردەو فێركردنی منداڵەوە هەیە، كە یەكێكە لە گرنگترین رەهەندەكانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان ، ' سـەرچاكە سـەرجاكە' بە زمانی سـادە و خۆشـبایەتی پێویسـتی چاككردنی قژی منداڵان باس دەكات، ئەمە یارمەتی منداڵ دەدات لە تێگەیشـتن لە گرنگی خۆچاككردن و قژچاككردن كاتێك قژ زۆر دەبێت فێری دەكات كە چاكی بكات و جوانی و پاكوخاوێنی خۆی بپارێزێت و هاندانی مندڵ دەدات بەبێ ترس بچێتە سەرتاشخانە و سەری چاك بكات

**"دەی رێوی دانت بشۆ * ها فلچەومەعجون بۆ تۆ "**

چەناڵی ئافەرین لە پەیامی گۆرانی "رێوی ددان بشۆ" رەهەندێكی پەروەردەیی و فێركاریی پیشاندەدات لە ناو رەهەندەكانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان ، گرنگی خاوێنكردنەوەی ددان و پاراسـتنی تەندروسـتی دەم و ددان بۆ منداڵان ڕوون دەكاتەوە. ئەم گۆرانیە بە رێگەیەكی خۆشـبایەتی منداڵان هان دەدات كە خوێندەواریی تەندروسـتییان هەبێت و پەروەردەی منداڵان دەكات كە پارێزگاریی لە دەم و دانیان بكەن . ( "دەی رێوی دانت بشـۆ ، ها فلچەومەعجون بۆ تۆ")، ئەم دێڕە بە زمانی منداڵانەوە پەیامێكی پەروەردەیی دەگەیەنێت كە خاوێنكردنەوەی ددان گرنگە

2.2.4: شیكردنەوەی ناوەڕۆكی ڕەهەندی تەندرووستیی گۆرانی منداڵان

رەهەندی تەندروسـتی یەكێكیترە لە رەهەندی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ كە چەناڵەكانی ئێن.ئاڕ.تی3 و ئافەرین لە پەیامی گۆرانییەكاندا بەكاریئەهێنن.

**'ئێستا با پێكەوە مەرەكان بژمێرین * چاوەكانت دابخە و بیانژمێرە**

بەرهەمی چەناڵی ئێن.ئاڕ.تی3 ، بە ناونیشانی ' مەرەكان" ، پەیامێكی گونجاو و دەنگێكی ئارام لە گۆرانیەكەدا ، "چاوەكانت دابخە و بیانژمێرە" ، یارمەتی منداڵ دەدات لە خەوێكی باش و كەمكردنەوەی فشار ، رەهەندی تەندروستی بە شێوەیەكی ئاشكرا بە پەیامەكەوە دیارە، بەمەش ناوەڕۆكی میدیایی دەتوانێت لە پاراستنی تەندروستی جەستەیی و دەروونی منداڵ بەشداربێت. رەهەندی تەندروستی یەكێكە لە رەهەندەكانی خوێندەواریی میدایی و پەروەردەی منداڵ كە لە چەناڵی ئێن.ئاڕ.تی3 سێدا پەیرەو دەكریت.

**'زۆر زەحمەت قژی بۆ دادێ * پێویستە سەری چاک بكات '**

گۆرانی ' سـەرچاكە" بەرهەمی چەناڵی ئافەرینە ،پەیامی گۆرانیەكە رەهەندی تەندروسـتی تێدایە ، چونكە باس لە گرنگی چاككردنی قژ و پاراستنی تەندروستی كەسی دەكات، كە بەشێكە لە پەروەردەی تەندروستی منداڵ ، ("زۆر زەحمەت قژی بۆ دادێ ، پێویستە سەری چاک بكات" ) ، نیشانەی گرنگی رێكخستنی قژ بۆ نەهێشتنی كێشەی تەندروستی و زیانەكانی كە توشی قژ ئەبێت وەكو كرێش و رشک و ئەسپێ و رێگەگرتن لە نەخۆشیەكانی تر.لە بەرهەمەكانی چەناڵی ئافەرین رەهەندەكانی خۆێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ جێبەجێكراوە.
3.2.4: شیكردنەوەی ناوەڕۆكی ڕەهەندی ئەدەبیی و هونەریی گۆرانی منداڵان

رەهەندی هونەریی و ئەدەبی لە رەهەندەكانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵن ، لە پەیامی گۆرانییەكانی چەناڵی ئێن.ئاڕ.تی3 و ئافەرین بە جۆرو شێوازی جیاجیا گوزارشت كراوە.

**' گژوگیایی نایاب لە گەڵ گوڵی مۆرو سوردا * لە هێلانەی باڵندەكە**
**لێ بوو هێلكەی بچوكی جوان * ئەم درەختە رەگەكەی'**

یەكیكی تر لە بەرهەمەكانی چەناڵی ئێن.ئاڕ.تی3 -یەو بە ناوی 'درەخت ' رەهەندی هونەریی و ئەدەبی لە بەرهەمەكانیا جێكرتۆتەوە ، كە یەكێكە لە رەهەندەكانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەیی منداڵ ، هونەری گوتنی چیرۆک بە كێش و سـەما ("لە هێلانەی باڵندەكە، لێ بوو هێلكەی بچوكی جوان") هەستی جوانیی و ئەدەبی لە منداڵ دروست دەكات، وا لە منداڵ دەكات ئارەزووی بۆ چیرۆک زیاد بكات و زیاتر گوێی لێ بگرێت و بتواتێت جارێكی تر دووبارەی بكاتەوە بە هەمان ئاوازو قافیەو ریتمی خۆی.

**'بەخێر هاتیی ئەی رەمەزان * مانگی پر خێری قورئان'**

**'تۆ پیرۆزترینی مانگی * قورئان لە ناوتا دابەزی'**

شـــیعری 'بەخێر هاتیی ئەی رەمەزان' لە چەناڵی ئافەرین پەخش دەکرێت ، گۆرانیەکە رەهەندی ئەدەبی-هونەری یە ، زمان و خواســـتنی هونەری منداڵ باش دەکات. "بەخێر هاتیی ئەی رەمەزان ، مانگی پر خێری قورئان" بە زمانێکی ســـادەو ئاســـانە وا لە منداڵ ئەکات زۆر بە ئاســـانی لە بەری بکات و لێیتێبگات، وەبوونی وەزن و قافیە وەک "رەمەزان – قورئان "' مانگی - دابەزی ')ئاســانترە بۆ لەبەرکردن ، رەهەندی هونەریی و ئەدەبی یەکێکە لە رەهەنـدەکانی خوێنـدەواریی میـدیایی و پەروەردەی منـداڵ کە دەبیـت چەنـاڵەکانی منـداڵان لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا پەیرەوی بکەن.

4.2.4: شیکردنەوەی ناوەرۆکی ڕەهەندی خۆشباریی گۆرانی منداڵان

یەکێکی تر لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، رەهەندی خۆشـــبارییە ، کە چەناڵەکانی ئێن.ئارِ.تی3 و ئافەرین لە پەیامی بەرهەمەکانیاندا جێبەجێیان کردوە

**'ی وەکو یەکەم * ێ وەکو سێیەم '**
**'ژ وەکو ژیار * س وەکو سیان '**

' گۆرانی لە ســـەر پیتەکان' بەرهەمی چەناڵی ئێن.ئارِ.تی3 ســـێیە ، گۆرانییەکە پەیامەکەی بە شـــێوازێکی خۆش و خۆشـــباریانە فێری منداڵان دەکات، رەهەندی خۆشباری ، یەکێکە لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان ، کە وا لە منداڵان دەکات حەز بکەن بە فێربوونی زمانی کوردی بکەن، هەروەها تێکەڵکردنی پیتەکان لە گەڵ ژمارەکان ناسـینەوەی هەردوکیانی ئاسـانتر کردوە، ("ی وەکو یەکەم، ێ وەکو سێیەم " س وەکو سیان ') ، خۆشکردنی فێربوونی ژمارەکان لەگەڵ پیتەکان بۆ منداڵان یەکێکە لە بنەما گرنگەکان کە چەناڵەکان کاری پێ بکەن .

**'گۆڵ ئەبیت ئاوابێ * زۆر بەهیزبێ'**
**'بەپەری توانا * شەبەکە بلەرزێنێ'**

'تۆپی پێ" یەکێکە لە بەرهەمەکانی چەناڵی ئافەرین ، بە شێوەیەکی خۆشباریی وخۆشبەر لەژیان.('گۆڵ ئەبێت ئاوابێت ' "شەبەکە بلەرزێنێ " )، رەهەندی خۆشـــباری لە بەرهەمەکانیاندا رەنگی داوەتەوە ، کە یەکێکە لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، گۆڵکردن و هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن بەشێوەیەکی گەورە بەشدار دەبن لە گەشەپێدانی هەستەکانی بەهێزبون و یاساکانی.

5.2.4: شیکردنەوەی ناوەرۆکی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی گۆرانی منداڵان

رەهەنـدی کۆمەڵایەتیی یەکێکە لە رەهەنـدەکانی خوێنـدەواریی میدیایی و پەروەردەی منـداڵ ، کە چەناڵەکانی ئێن.ئارِ.تی3 و ئافەرین زۆر گرنگیان بەم رەهەندە داوە لە پەیامە گۆرانییەکانیاندا بە جۆرو چەشنی جیاواز لە دێرە شعریەکانیاندا رەنگی داوەتەوە

**'وەرن وەرن هاورێیان * فێربن شێوەی ڕەنگەکان '**

'رەنگەکان ' چەناڵی ئێن.ئارِ.تی3 لەم دێرە شـــعرەیدا رەهەندی کۆمەڵایەتی تێدا بەکار هێناوە ، کە یەکێکە لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ، شـــعرەکە هاورێیی و هاوبەشـــبوون پێش دەخات، وەک لە دووجار نووسراوە "وەرن وەرن هاورێیان". ئەمە هاوکاریی و کۆمەڵایەتییە، شـاعیر دەیەوێت ئەوپەیامە بگەیەنێت کە میدیا دەتوانێت بۆ یەکگرتن و فێرکردنی کۆمەڵگا بەکاربهێنرێت، منداڵان وا پەروەردە بکرێن کە فێری هاورێیەتی ببن وگیانی هاورێیەتیان تێدا بێت .

**'کاکی بردی بۆ لای دەلاک * تاسەری جوان بۆ چاکات'**
**'بەبە و کاکی سەریان چاکرد * بە راستی کاری باشیان کرد'**

چەناڵی ئافەرین لە دێرە شـــعرانەی "ســـەرچاکە" گرنگی بە رەهەندی کۆمەڵایەتی داوە ، چونکە باسی ڕۆڵی خێزان (وەک "کاکی" و "دەلاک") دەکات لە یارمەتیدانی منداڵ، کە ئەمە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پشـــتیوانی خێزانی بەهێز دەکات، ('کاکی بردی بۆ دەلاک') ، ('بەبە و کاکی سەریان چاکرد ، بە راستی کاری باشیان کرد" )ئەمە هێمایەکی گرنگی هاوکاری خێزانیی پەروەردەی منداڵە لەرەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ کە چەناڵەکانی منداڵان گرنگی پێبدەن

6.2.4: شیکردنەوەی ناوەرۆکی ڕەهەندی زمانەوانیی گۆرانی منداڵان

رەهەندی زمانی دایک یەکێکە لە رەهەندە گرنگەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ کە لە پەیامەکانی چەناڵی ئێن.ئارِ.تی3 سێ و ئافەرین گرنگی زۆر بە زمانی دایک دەدرێت هەمووگۆرانییەکانیان بە زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە.

**'ح وەکو حەلوا * خ وەکو خورما '**

**ئەم بەرهەمەی چەناڵی ئێن.ئارِ.تی3 سێ بە ناوی " گۆرانی لە سەر پییتە کوردییەکان '** ، گۆرانییەکە رەهەندی زمانی دایکی تێدایە و تایبەتە بە زمانی کوردی و فێربوونی زمانی کوردی ، چونکە بە کەرەستـەیەکی کاریگەر فێری پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی دەکات، کە یارمەتی پەروەردەی زمان لە منداڵان دەدات، " ح وەکوحەلوا ، خ وەکو خورما " نیشـاندانی جیاوازی نێوان دەنگی "ح" و "خ' بە شـێوازێکی ئاسـان و سـادە. رەهەندی زمانی دایک یەکێکە لە هەرە رەهەندە گرنگەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

**' دەی ئێوەش دایە و بابە* خێراکەن کوا چەژنانە '**

ڕەهەندی زمانی دایک یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ،لەم تێکستەداکە بەرهەمی چەناڵی ئافەرینە بە ناونیشانی " چەژنانە" گرنگی دراوە بە بەکارهێنانی زمانی کوردییەکی سادە و هەستیار.ئەمە بەخێرایی دەتوانێت منداڵ لێی تێبگات و لە بەری بکات ، بە تایبەتی ئەوەی یارمەتیدەر دەبێ لە گەشەپێدانی تواناکانی وتار، گوێگرتن، و زانینی ڕەوشتی زمانی دایک، دەتوانێت بە جۆرێک بێت بۆهێزکردنی زمان و هۆکاری ڕەگەزبوونی زمانی دایک بێت).

3.4:چەناڵی یوتیووبی ئێن.ئارِ.تی سێ و ئافەرین و شیکردنەوەی چاوپێکەوتنی بەرتوێژان

بۆ قووڵبوونەوەی زیاتر و بە دەستهێنانی زانیاریی وردتر ؛ڕێکاریی چاوپێکەوتنی زانستیی چڕ لە گەڵ بەرتوێژانی وەک : پسپۆڕان و کەسانی تایبەت بە خۆێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان بەکارهێنراوە . وەک ڕێکارێکی تەواوکاریی و گەیشتن بە وەڵامی هەندێک پرسیار کە لە شیکردنەوەی ناوەرۆکدا دەستنەکەوتوون . توێژەر بە گرنگی زانیوە دیدو بۆچوونی ئەوانیش دەربارەی چەمکی خوێندەواریی میدیایی و چەناڵەکانی ئێن.ئارِ.تی3 سێ و ئافەرین بزانێت ، هەوڵدەدرێت خاڵی هاوبەش و جیاوازو خاڵی بەهێزو لاوازی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان شیبکرێتەوە.

**1.3.4:** چەمکی خوێندەواریی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا

لە خشتەی ژمارە :03 ؛ بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی تێگەیشتنیان لە خوێندەواریی میدیایی خراوەتە ڕوو، خاڵی هاوبەشی نێوانیان لەوەدا کۆکن بە شێوەیەکی گشتی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئاستی خوێندەواریی میدیایی و هۆشیاری لەناو خێزان و سیستەمی پەروەردەی گشتیدا لە ئاستێکی نزمە یان وەکو پێویست نییە. هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژە بە گرنگی ڕۆڵی خێزان و دایک و باوک دەکەن لە خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵاندا، بە پێچەوانەشەوە لە تێگەیشتن لە چەمکی خوێندەواریی میدیایی جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە.
جیاوازی سەرەکی لە تێڕوانینی لایەنەکاندایە بۆ ئاستی ئێستای خوێندەواریی میدیایی لە سێکتەرە جیاوازەکاندا؛ بۆ نموونە، **ئامانج حەسەن** ئاستی خوێندەواریی میدیایی لەناو میدیاکان و ئەکادیمیادا بە باشتر دەبینێت، لەکاتێکدا **مامۆستا مەحموود باجەلان** ڕەخنەی توندتری هەیە لەسەر شێوازی کاری میدیایی و نائەکادیمی بوونی. لەلایەکی ترەوە،**کرمانج محەمەد** جەختێکی تایبەت لەسەر هەڵسوکەوتی جوان شانبەشانی خوێندەواریی میدیایی دەکات و گرنگی دەداتێ لە قۆناغی باخچەدا، ئەمەش لەوانەیە جیاواز بێت لە تێڕوانینی لایەنەکانی تر **.سەرپەرشتیاران** زیاتر لە ڕوانگەی پێویستی پەروەردەیی گشتی و ڕۆڵی چاودێرییەوە سەیری بابەتەکە دەکەن، هەروەها خاڵی لاواز هەیە لە ناو بۆچونەکاندا ،لە وەڵامەکاندا هەندێک خاڵی لاواز یان ناڕوون هەن؛ بۆ نموونە، **ئامانج حەسەن** باس لە "هۆکاری نامیدیایی" دەکات بۆ پشتگوێخستن، بەڵام ئەم هۆکارانە چین و چۆن کاریگەرییان هەیە، ڕوون نەکراوەتەوە. هەروەها، بۆچوونی **کرمانج محەمەد** کە خوێندەواریی میدیایی لە باخچەدا "زۆر کیشەی نییە" لەوانەیە پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەبێت لە ڕووی بنەما پەروەردەییەکانەوە، چونکە بناغەی خوێندەواریی هەر لەوێوە دەست پێدەکات. گرنگترین خاڵی لاوازیش نەبوونی پێناسەیەکی ئەکادیمی یەکگرتوو و ڕوونە بۆ چەمکی "خوێندەواریی میدیایی" لەلایەن هیچ کام لە بەشداربووانەوە، وەبوونی خاڵی بەهێز لە ناو بەرتوێژان بە وەی کە ئەڵێن، دەتوانین ئاماژە بە دانپێدانانی ڕاشکاوانەی هەموو لایەنەکان بکەین لە نەبوون یان بە شێوەیەکی کەم لە بواری خوێندەواریی میدیایی؛ هەروەها، جەختکردنەوەی **کرمانج محەمەد** ،لەسەر گرنگی فێرکردنی زمانی کوردی بە شێوازی سەرنجڕاکێش وەک هەنگاوێکی کرداری ئەرێنییە. تێبینی وردی **مامۆستا مەحموود** باجەلان ،سەبارەت بە نائەکادیمی بوونی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکە خاڵێکی تری بەهێزە، کەپێویستە چەناڵەکان بەوشێوەیەیی هەیە کە برتییە لە توانای شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، و دروستکردنی میدیا بە شێوەی جۆراوجۆرکار بکەن.

| خشتەی ژمارە: 03<br>بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی چەمکی خوێندەواریی میدیایی | |
|---|---|
| **بەرتوێژان** | وەڵامی بەرتوێژانی پسپۆر |
| کرمانج محەمەد | گرنگە جیلێک پەروەردە بکەین، ئەو جیلە هەم خوێندەوار بێت هەم هەڵسوکەوتی جوان بێت. خوێندەوارییەکە زۆر کیشەی نییە لە باخچەیە، هەڵسوکەوت زۆر گرنگە. بەڵام بۆ قۆناغەکانی تر خوێندەواریی زۆر زۆر گرنگە. |
| ئامانج حەسەن | لەدامەزراوە میدیاییەکاندا تا ئاستێکی باش بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام دەکرێت بوترێت بەهۆی هەندێک هۆکاری نامیدیاییەوە هەندێجار پشتگوێ خراوە. |
| م. دیمەن حەمەعەلی | لەپێشدا دایک و باوک ڕۆشنبیری تەواویان هەبێ |
| م. سۆزان محەمەد | لە ژینگەیەکدا دەژین هەمووی ئایتیە(IT) ، دەوروپشتمان بە گەورە و بچووکەوە خەریکی ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنیانەیە. گرنگە ئەو سنووردارکردنەش هەم لە خێزانەوە بێت هەم لە ناوەندە پەروەردەییەکانەوە بێت |
| م. مەحموود باجەلان | لە خوێندەواریی میدیا ڕۆشنبیری یان هۆشیاری بێت لەلای دایکان و باوکان بەڕاستی ئەمە زۆر لە ئاستێکی باشدا نییە. |
| د. کەریم قەرەچەتانی | ئەوەی ئێستا لە ڕاگەیاندنە من قەناعەتم نیە هیچ ڕاگەیاندکارێکی سەربەخۆ هەبێت بەتەنیا خزمەتی ئینسان بێت،کەس نیە خۆی بێت |
| م. عەدنان شاسوار | لای ژمارەیەک لە میدیاکارو پەروەردەکار ناسراوەو جێی بایەخە؛ دەنا لای باوانو ئەوانی تر... دوور لە بایەخە. |

**2.3.4:** خوێندەواریی میدیایی و ڕۆڵی لە پەروەردەی منداڵان-دا

خشتەی ژمارە :04 بۆچوونی بەرتوێژان دەربارەی پەیوەندی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ خراوەتە ڕوو، بێگومان خاڵی هاوبەش لە نێوان بەرتوێژاندا هەیە : هەموو لایەنەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دان بە گرنگی پەیوەندی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵدا دەنێن؛ هەروەها، نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بە ناوەڕۆکی پەخشکراو و ئەوکاریگەرییە نەرێنیانەی کە لەوانەیە لەسەر منداڵان دروستی بکەن، هەرچەندە ئەم نیگەرانییە بە شێوازی جیاواز و لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەردەبڕن، خاڵی جیاواز لە نێوان بەرتوێژاندا هەیە. جیاوازی سەرەکیی لە شێوازی جەختکردنەوە و دیارییکردنی ئاستەنگەکاندا هەیە. **ئامانج حەسەن** زیاتر جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی خودی میدیاکار و مەترسییەکانی بازرگانیبوون و دوورکەوتنەوە لە ئامانجە پەروەردەییەکان دەکاتەوە. لەبەرامبەردا،**کرمانج محەمەد** کێشەی ئایینی و سیاسیبوون و حزبیبوونی میدیا وەک ئاستەنگێکی سەرەکی و بنەڕەتی دەبینێت کە ڕێگرە لەبەردەم کاری میدیایی سەربەخۆ و پەروەردەیی. سەرپەرشتیاران بەتایبەتی **م.مەحموود باجەلان،** زیاتر جەخت لەسەر گونجاندنی ناوەڕۆک لەگەڵ تەمەن و پێداویستییەکانی منداڵ و ڕۆڵی چاودێری خێزان دەکەنەوە و ڕەخنەی دیاریکراوتریان هەیە لەسەر ناوەڕۆکی هەندێک لە کەناڵەکان و بوونی ئایدۆلۆژیا وە ، خاڵە بەهێزەکان لە نێوان بەرتوێژاندا : لە خاڵە بەهێزەکانی وەڵامەکاندا دەتوانین ئاماژە بە ڕاشکاویی **ئامانج حەسەن** بکەین لە باسکردنی مەترسییەکانی بازرگانیبوونی میدیای منداڵان؛ هەروەها، سووربوونی **کرمانج محەمەد** لەسەر دوورکەوتنەوە لە بابەتی سیاسی لە چەناڵی منداڵاندا خاڵێکی ئەرێنی و گرنگە. تێبینییە وردەکانی **مامۆستا مەحموود باجەلان،** سەبارەت بە جیاوازی نێوان چەناڵەکان و ئاماژەدان بە بوونی ئایدۆلۆژیا لە هەندێک ناوەڕۆکدا، نیشانەی هۆشیاری و شرۆڤەیەکی قووڵترە، **د. کەریم قەرەچەتانی** لەگەڵ ئەوەی هیچ ئاگاداری ئەو چەناڵانە نەبوو ، بەڵام پێی وایە ئەو چەناڵانە گونجاو نین منداڵ پەیوەندی بە لایەنی ئاین و ئابوری و سیاسی نییەبۆ بکەیت بە گۆرانی و بە منداڵی بڵێیت منداڵ لەوە تێناگات، بەڵام فێری ڕەنگەکان و ژمارەکان ئەمە بۆ منداڵەکان گرنگە و منداڵ فێردەکات و ئامادەی دەکات ئەگەر لە باخچە بێت بۆ قوتابخانە و ئەگەر قوتابی نەبێت زیاتر ئاسانتر دەبێت کە منداڵ فێر بێت، دەبێت هەم فێرکاری بێت هەم پەروەردەی بێت هەم کۆمەڵایەتی بێت لە چەناڵەکان جێگای بکرێتەوە، **مامۆستا عەدنان شاسوار'** پێی وایە ئەم قۆناغانە لە یەکتر جیاوازن؛ لێ بە جۆرێ گرێدراون کە کۆتایی هەر قۆناغێ ببێتە بنەما بۆ ئەوی دوای خۆی. پێویستییە جەستەیی‌و دەروونییەکانی منداڵ لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا دەگۆڕێن‌و دابینکردنیشیان دەگۆڕێن. تیۆریی‌و واقع ئاوێزانن، کار لە یەکتر دەکەن‌و یەکتر دەوڵەمەندتر دەکەن. تیۆریی خۆڵەمێشییەو خزمەتی واقع دەکات کە دارێکی هەمیشە سەوزە! دواجار ئەوە زیتی‌و زیرەکی میدیاکارەکەیە کە دەتوانێ داهێنەرانە خۆی لە یەکێکیان‌و یا هەردووکیان بەهرەمەند بکات. بەپێچەوانەوە ؛ خاڵە لاوازەکان زۆرتر لەوەدا چڕبوونەتەوە کە ئامانج حەسەن باس لە "کارەسات" دەکات ئەگەر پەیوەندییەکە نەبێت، بەڵام میکانیزمی بەرجەستەکردنی ئەم پەیوەندییە لە واقیعدا و چۆنیەتی جێبەجێکردنی کەمتر ڕوونە. هەروەها، ئاستی بەرجەستەبوونی چاودێری خێزان و گونجاندنی ناوەڕۆک لە واقیعدا و لەسەر ئەرزی واقیع هێشتا جێگەی پرسیارە و پێویستی بە توێژینەوەی مەیدانی زیاتر هەیە. گرنگتر لەوەش، وەڵامەکان زیاتر باس لە گرنگی پەیوەندییەکە دەکەن وەک لەوەی تا چەند لە واقیعدا بەرجەستە بووە؛ واتا وەڵامی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوە بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکە (کە ئایا پەیوەندییەکە تیۆرییە یان بەرجەستە) کەمتر ڕوون و دیاریکراوە، لە بەر ئەوەی بەرتوێژان شارەزاییای لە خوێندەواریی میدیایی دا نەبوو بە مانا راستییەکەی.

| خشتەی ژمارە: 04<br>بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی پەیوەندیی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان | |
|---|---|
| **بەرتوێژان** | **وەڵامی بەرتوێژانی پسپۆڕ** |
| کرمانج محەمەد | بەداخەوە زۆربەی شتەکان لە پارتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ نموونە چەمکەکان هەمووی تێکەڵی حزبەکان بوون. |
| ئامانج حەسەن | ئەم پەیوەندییە نەبێت، کارەسات ڕوو دەدات. میدیاکار، بەتایبەتی میدیاکاری منداڵان، پێویستە زۆر ڕۆشنبیر بێت و فیکری منداڵ بەتەواوی بخوێنێتەوە. |
| م. دیمەن حەمەعەلی | هەر بابەتێک کە پێشکەش بە منداڵان سودی لێ وەردەگرن شتێکی زۆر باشە. |
| م. سۆزان محەمەد | مامناوەندە، باگراوندی کەسەکان فەرق دەکات... ئەوەی دیاری دەکات کارەکەیە. |
| م. مەحموود باجەلان | ئارتی سی زۆر باشترە لە ئافەرین چونکە گرنگی بە هەندێک بابەتی وەک پەروەردەی و زمانی دایک ئەدات تا ڕادەیەک هۆشیارترە. |
| د. کەریم قەرەچەتانی | زۆربەی ئەو گۆرانیانە بۆ منداڵ گونجاو نیە، واتە پەیوەندی نییە . |
| م. عەدنان شاسوار | خوێندەواریی میدیایی، ڕاڤە لە سەلیقەو دەربڕینی ناباب و داهێنەرانەی میدیاکار دەکا لە ڕێی ئەو بابەتانەوە کە بە وەرگری دەگەیەنیت، پەروەردەکردنی منداڵ پرۆسەیە. دەبێت میدیاکار خۆی بەیەکیانەوە ببەستێتەوە. |

**3.3.4:** خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندەکانی لە یوتیووبی ئێن.ئارِ.تی سێ و ئافەرین-دا

خشتەی ژمارە :05 بۆچوونی بەرتوێژان دەربارەیی ئامانج و خزمەتکردن ، بەرتوێژان لە هەندێک بابەتدا کۆکن خاڵی هاوبەش ، **ئامانج حەسەن و کرمانج محەمەد** جەخت لەسەر ئامانجی پەروەردەیی و فێرکاری دەکەنەوە لە دروستکردنی ناوەڕۆکدا بۆ منداڵان؛ ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەردوو لایەن بەلایەنی کەمەوە لە ئاستی وتاردا بایەخ بە لایەنی پەروەردەیی دەدەن، خاڵی جیاواز هەیە لە نێوان بەرتوێژاندا جیاوازی سەرەکی لە شێوازی جەختکردنەوە و گرنگی؛ **ئامانج حەسەن** زیاتر جەخت لەسەر پڕکردنەوەی "بۆشایی" و وەڵامدانەوەی "کێشە" پەروەردەییە دیاریکراوەکان دەکاتەوە کە بوونەتە "دیاردە"، کە ئەمەش لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ کارکردن لەسەر پێداویستییە هەنووکەییەکان. لەبەرامبەردا، بەڕێوەبەری ئێن ئارتی سێ "پەروەردە" وەک بناغە و بنەما دەبینێت پێش "فێرکردن" بۆ دروستکردنی "تاکێکی پتەو"، کە ئەمەش لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ دیدێکی درێژخایەنتر .سەرپەرشتیاران تێبینی جیاوازییان هەیە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە لەلایەن دوو کەناڵەکەوە؛ **مامۆستا دیمەن حەمەعەلی،** بەشێوەیەکی گشتی ئەرێنیترە، **مامۆستا سۆزان محمد** ، نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت لە شوێنکەوتنی "باو" لەلایەن منداڵانەوە و پێویستی پێداچوونەوەی ناوەڕۆک پێش بڵاوکردنەوەی، و مامۆستا مەحموود باجەلان جیاوازییەکی ڕوون لە کوالێتی و ئامانجی ناوەڕۆکی دوو کەناڵەکەدا دەکات و ڕەخنەی لە هەندێک ناوەڕۆکی ئافەرین هەیە، **مامۆستا عەدنان شاسواریش** بە هەمان شێوەی **مامۆستا مەحمود** ڕەخنەی لە چەناڵی ئافەرین هەیەو بە چەناڵێکی ئاینی دایئەنێت . خاڵە بەهێزەکانی بەرتوێژان: یەکێک لە خاڵە بەهێزەکان هەبوونی ئامانجی پەروەردەیی ڕوونە لەلایەن هەردوو چەناڵەوە، هەرچەندە لە شێوازی جێبەجێکردندا جیاوازی هەبێت؛ هەروەها، جەختکردنەوەی بەڕێوەبەری ئێن ئارتی سێ ، لەسەر گرنگی پەروەردەی بنەڕەتی وەک بناغەیەک بۆ فێرکردن خاڵێکی ئەرێنییە. تێبینییە وردەکانی **مامۆستا مەحموود باجەلان** ، سەبارەت بە جیاوازی ناوەڕۆک و ئامانجەکان و ئاماژەدان بە پێویستی لابردنی هەندێک ناوەڕۆک، نیشانەی شرۆڤەیەکی ڕەخنەگرانەیە. **د.کەریم قەرەچەتانی** " ئەم چەناڵانە دەبێت لە وەزارەتی پەروەردە پرۆگرام وەربگرن بۆ ئەوەی ئەو بابەتانەی هەیانە لەو پێگەیەوە شیتەڵی بکەن بۆ نمونە لەڕوی ئەقڵیەوە گەشە بکات، کاریگەری بیرکردنەوەی ژمارەکان و ڕەنگەکان جیابکاتەوە، لە لایەکی تر کۆمەڵایەتی بێ، لایەنی مۆراڵی (ئەخلاقی) ڕێزگرتنی دایک و باوک و سوکایەتی بەکەس نەکات و جنێو نەدات.هەموو ئەمانە پێی دەڵێن گەشە، ئیتر ئەم چەناڵانە لەسەر ئەم بنەمایانە کار بکەن چەناڵێکی باش دەبێت، خاڵی لاوازی بەرتوێژان لە وەڵامی پەیوەندی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ: پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە کە تا چەند ئەو "بۆشاییانەی "ئافەرین باسی دەکات بە شێوەیەکی سیستم و زانستی دەستنیشان کراون و پڕکراونەتەوە، یان زیاتر پشت بە هەست و تێبینی تاکەکەسیک بەستراوە؛ هەروەها، میکانیزمی دڵنیابوونەوە لەوەی کە ناوەڕۆکەکان بەڕاستی خزمەت بە لایەنە هەمەجۆرەکانی گەشەی منداڵ دەکەن (مەعریفی، ڕەفتاری، سۆزداری) لە وەڵامەکاندا کەمتر ڕوونە.

| خشتەی ژمارە: 05<br>ئامانج لە درووستکردنی ناوەڕۆک و خزمەتکردنی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان | |
|---|---|
| بەرتوێژان | وەڵامی بەرتوێژان |
| کرمانج محەمەد | ئەوەی گرنگە بەلامانەوە پەروەردەیە پاشان فێرکردن، تۆ ئەگەر تاکەکە پەروەردەیەکی باشی نەبێت با هەر فێربێت چەندێک لە لوتکەدا بێت ئەگەر پەروەردەیەکی باشی نەبێت کێشەیە بۆ کۆمەڵگەکەت |
| ئامانج حەسەن | دەستی بردووە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی و بۆشاییەک کە لەناو پەروەردەی منداڵدا هەبووە |
| م. دیمەن حەمەعەلی | بەرنامەکان کاریگەریی هەیە لەسەر پەروەردەی منداڵ، چونکە منداڵ چێژی لێ ئەبینێت و فێر دەبێت و پەروەردەی تێدایە.. |
| م. سۆزان محەمەد | منداڵەکان ئەو بابەتانەیان حەز لێیە کە زۆرینە دەیڵێنەوە دەبێتە باو، ئینجا پەروەردەی بێت یاخود ناپەروەردەی بێت |
| م. مەحموود باجەلان | لە ئین ئارتی سیدا، زیاتر خزمەت بە لایەنی هۆشیاری و ڕۆشنبیری منداڵ دەکات و لایەنی فێربوونەکەی... کەناڵی ئافەرین وەک ڕەئی خۆم پێم وانییە ئەو بابەتانەی کە بڵاوی دەکاتەوە هەرهەموویان لە خزمەتی منداڵ بن |
| م. عەدنان شاسوار | چەناڵی ئافەرین ، دەربڕی فیکری إسلامی‌یەو دەخوازێ کرۆکی عەقڵو بیرکردنەوەو سۆزی منداڵان لە ناوی الله و محمد دا قەتیس بکا، وە چەناڵی ئێن.ئار.تی3 سێ، پەیامو خزمەتکردنی منداڵان، کارامەو لێهاتووە |
| د. کەریم قەرەچەتانی | من ئاگاداری هیچ کام لەم چەناڵەی منداڵ نیم |
| م. مۆفەق لهۆنی | بەدڵنیای لە بوارێکی پەروەردەی خزمەت بە منداڵ بکە وەک و مامۆستا وەک و میدیاکار، هەموو پیشەکانی تریش دەبێت ئەوکەسە خۆی لە پەروەردەی منداڵ کاڵ بکاتەوە پاشان کاری تێدا بکات |

4.3.4:خوێندەواریی میدیایی و چارەسەری گرفتە پەروەردەییەکانی منداڵان

خشتەی ژمارە: 06 بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی پەرەپێدانی خوێندەواریی میدیایی دەتوانێت ببێتە چارەسەر خراوەتە ڕوو؛ خاڵە هاوبەشەکان (لەیەکچوون): یەکێک لە دیارترین خاڵە هاوبەشەکان ئەوەیە کە هەموو لایەنەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە و بە تەواوی باوەڕیان وایە کە پەرەپێدانی خوێندەواریی میدیایی چارەسەرێکی گرنگە و بنەڕەتییە ، یان لانی کەم بەشێکی زۆر سەرەکییە لە چارەسەری کێشە و نیگەرانییەکانی پەیوەست بە کاریگەری میدیا و یوتیوب لەسەر منداڵان.خاڵە جیاوازەکان: جیاوازی سەرەکی لە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی لایەنە جیاوازەکاندایە بۆ جێبەجێکردنی ئەم چارەسەرە؛ بۆ نموونە، **کرمانج محەمەد**، جەختێکی تایبەت لەسەر بەرپرسیارێتی سەرەکی حکومەت دەکاتەوە لە دانانی یاسا و کۆنترۆڵکردندا، لەپاڵ ڕۆڵی چەناڵەکان لە هەبوونی خوێندەواریی لە پەیامەکانیاندا. لەبەرامبەردا، **ئامانج حەسەن** زیاتر هۆشداری دەدات لە مەترسی بازرگانیبوونی کاری میدیایی منداڵان کە دەتوانێت ڕێگر بێت لەبەردەم کاریگەری ئەرێنی خوێندەواریی میدیاییدا .سەرپەرشتیاران بە گشتی هاوڕان لەسەر کاریگەری خوێندەواریی میدیایی، بەڵام **مامۆستا مەحموود باجەلان** ئاماژە بە ڕۆڵی ناوەندە ئەکادیمییەکان و ڕاگەیاندنەکان دەکات لە گەیاندنی ئەم هۆشیارییە بە خێزانەکان. خاڵە بەهێزەکان: بەهێزترین خاڵ لە وەڵامەکاندا ئەو کۆدەنگییە تەواو و باوەڕە پتەوەیە کە هەموو لایەنەکان هەیانە لەسەر گرنگی خوێندەواریی میدیایی وەک چارەسەر؛ ئەمە دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ هەر هەوڵێکی هاوبەشی داهاتوو. هەروەها، ئاماژەدان بە ڕۆڵی حکومەت و پێویستی یاسا و کۆنترۆڵ لەلایەن **کرمانج محەمەد و مامۆستا مەحموود** (لە پێشنیارەکەیدا بۆ خول و سیمینار) خاڵێکی گرنگی کردارییە.خاڵە لاوازەکان (یان ئەو خاڵانەی پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاترە):سەرەڕای ئەم باوەڕە بەهێزە، کەمی باسکردنی میکانیزمی کرداری و ستراتیژی دیاریکراو بۆ چۆنیەتی پەرەپێدانی خوێندەواری میدیایی و جێبەجێکردنی ئەم چارەسەرە لەسەر ئەرزی واقیع وەک کەلێنێک دەردەکەوێت؛ واتا، چۆن ئەم باوەڕە تیۆرییە دەگۆڕدرێت بۆ هەنگاوی کرداری و بەرنامەی جێبەجێکراو، کەمتر باسی لێوەکراوە.

| خشتەی ژمارە06<br>خوێندەواریی میدیایی چارەسەرە | |
|---|---|
| بەرتوێژان | وەڵامی بەرتوێژان |
| کرمانج محەمەد | یەکەم بەرپرسیارێتی حکومەتە بۆیە پێویستە سنوور دابنێت ئەو یاسا دائەنێت. دەسەڵاتی هەیە و میدیا کاری لەسەر دەکات |
| ئامانج حەسەن | خوێندەواریی میدیایی دەتوانێت ئەم شێواوییە چارەسەر بکات |
| م. دیمەن حەمەعەلی | بە دڵنیاییەوە سەد لە سەد چارەسەرە |
| م. سۆزان محەمەد | کاریگەری زۆر زۆر دەبێت ئەگەر بەباشی بەکاربێت و چارەسەری ئەم شێواویە بکات |
| م. مەحموود باجەلان | "بێگومان هۆکارێکی زۆر باشە بە هۆشیارییەوە سەیرکردنی ڕاگەیاندنەکان |
| م. عەدنان شاسوار | خوێندەواری میدیایی بنەمایە بۆ ئەم چارەسەرییەو پشکی شێری پێدەبڕێ |
| م. ئەمین سەپان | خوێندواریی میدیایی دەبێتە چارەسەر ، ئەگەر لە ناو ستافی چەناڵەکانەوە خوێندەواریی میدیایی هەبێ و پەیامەکانیان بەو شێوەیە بێت کە سود بە منداڵان بگەیەنێت |
| م. مۆفەق لهونی | بە دڵنیاییەوە، چەناڵەکە پەرەی بە خوێندەواریی میدیایی دا بنەماکانی ئەزانێت و پەیرەوی ئەکات |

**1.4ئەنجامگیریی توێژینەوەکە**

لەم بەشەدا و بە پشتبەستن بە ڕێنازنامە، تیۆرییبنامە و کردەنیینامەی توێژینەوەکە؛ هەریەک لە ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی بۆ توێژەرانی داهاتوو و لایەنە پەیوەندییدارەکان دەخرێنەڕوو:

**1.5**: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە دەرئەنجامی شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەردوو ڕێکاریی چاوپێکەوتنی چڕ لەگەڵ بەرتوێژان و شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیبووی تەلەڤزیۆنەکانی منداڵان؛ توێژینەوەکە بە چوار ئەنجامی سەرەکیی گەیشتووە، لەوانە:

**1.** ناسـینی "چەمکی خوێندەواریی میدیایی" لەلای بەرهەمهێنەرو بەکارهێنەری یوتیووبی منداڵانی هەرێمی کوردسـتانی عێراق؛ لە ئاسـتێکی زۆر ســـەرەتاییدایە و زۆرینەی بەرتوێژان ئاشـــنا و ئاگەداری ئەو چەمکە و وردەکارییەکانی نین. تەنانەت هەندێك لە پســـپۆڕان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی؛ "بە هەڵە" لە ناونیشان و ناوەڕۆکی ڕەهەندە سەرەکییەکانی چەمکەکە گەیشتوون و شرۆڤەی دەکەن.

**2.** پەیوەندیی ڕاســـتەوانە لەنێوان پەیامەکانی خوێندەواریی میدیایی چەناڵی یوتیووب و جۆرەکانی پەروەردەی منداڵانی کورد-دا نییە. لە کاتێکدایە لە ڕووی تیۆرییەوە؛ خوێندەواریی میدیایی بۆ پەروەردەی منداڵان بە گەورە و گرنگ و هەنووکەیی دەزانرێت، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە و لەهەر زەمینی واقیع پێچەوانەکەی دەبینرێت، چوونکە بەپێی نـاوەڕۆکی پەیـامەکانی چەنـاڵی یوتیووبی منـداڵان کەمترین بایەخ بە ڕەگەزەکانی خوێندەواریی میدیایی لە نموونەی: پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و هاندانی منداڵان لەســـەر نرخاندنی سەرچاوە جیاوازەکان و بەرهەمهێنانی نوێی دەقی میدیایی.

**3.** لە ناوەڕۆکی پەیامەکانی گۆرانییە کوردییەکانی چەناڵی یوتیووبی تەلەڤزیۆنەکانی ئافەرین و ئێن.ئار.تی3-دا؛ زیاتر ڕەگەزەکانی پەروەردەیی، فێرکاریی و تەندرووســـتیی خوێندەواریی میدیایی ڕەنگیانداوەتەوە و کەمتر کار لەســـەر ڕەگەزەکانی دیکەی پەروەردەی منداڵ و خوێندەواریی میدیایی کراونەتەوە. ئەوەیش لەلایەك بۆ جیاوازی ئاســـت و ئاڕاســـتەی ســـیســـاســـەتی میدیایی چەناڵەکان و لەلایەکی دیکەیش بۆ پاشخانی ئایدۆلۆژیی خاوەنی چەناڵەکان دەگەڕێتەوەکە یەکێکێن جەخت لەسەر پرسە ئایینییەکانی ئیسلام و ئەویدیکەیان جەخت لەسەر پرسە نائینییەکان دەکاتەوە.

**4.** ناوەڕۆکی پەیامەکانی چەناڵی یوتیووبی تەلەڤزیۆنەکانی ئافەرین و ئێن.ئار.تی3؛ کاریگەریی ئەرێنیی و نەرێنیی لەسەر جۆرەکانی پەروەردەی منداڵانی کورد هەیە. هەردووکیان بەشـێوەیەکی ئەرێنیی لە سـەرپێخسـتن و پەرەپێدانی تایبەتمەندییەکانی میدیای پەروەردەیی منداڵان کاریگەریی ئەرێنییان هەبووە و سـەکۆیەکی دیاری تێگەیشـتن و پێگەیشـتنی بەخێوکار و دایباب و خوودی منداڵان بوون، بەتایبەت لە بەرهەمهێنان و پەخشیـــ بەرهەمی میدیایی منداڵان لە ڕووی: پەروەردەیی، فێرکاریی، ژینگەیی، تەندرووســـتیی، گەشـــەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان، ناســـاندنی کولتوور و کەلەپووریی، بیرهێنانەوەی سرووت و بۆنە نەتەوەیی و ئاینییەکان. ئەوە جگەلە بەکارهێنانی

زمانێکی دەربڕینی گونجاو و تەکنیکی سەرنجراکێش. هەموو ئەوانە واینکردووە؛ زەمینەی زیاتر بۆ ڕەگەز و ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی برەخسێنن و زۆرینەی بەرتوێژان بە گرنگییەوە لە پێویستیی گەڵاڵەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندەواریی میدیایی و خوێندنیانی لەلایەن منداڵانەوە لە قۆناغەکانی پێشچوونە قوتابخانە تاوەکوو پێشچوونە زانکۆ. هاوکات نەرێنیی بوونی هەندێك لە پەیامەکانی چەناڵی یوتیووبی ئافەرین و ئێن.ئار.تی3؛ بۆ نەبوون یان کەمیی سەرچاوەی زانستیی متمانەپێکرا بۆ تێگەیشتن لە پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی و چۆنییەتی کارکردن لەسەر ئاوێزانکردنی ڕەگەزەکانی بە بەرهەمە میدیاییەکانی پەروەردەی منداڵان دەگەڕێنەوە. ئەوەیش پێویستی بە هەماهەنگیی زیاتری نێوان خێزان، پەروەردە، میدیا و حکوومەت هەیە، تاوەکوو بیر لە دانانی ستراتیژێکی نیشتیمانیی بۆ باشتر ناساندنی چەمکی خوێندەواریی میدیایی و پەرەپێدانی هەیە، تاوەکوو میدیای پەروەردەیی تایبەتمەند بە منداڵان ڕۆڵێکی کاریگەرتر بگێڕێت.

## 2.5: ڕاسپاردەکان توێژینەوەکە

لە سۆنگەی ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکەوە؛ لێرەدا چەن ڕاسپاردەیەك ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندییدارەکان دەکرێن، تاوەکوو لە پلان و پرۆژە و پرۆگرامەکانی داهاتوویاندا سوودی لێوەربگرن، لەوانە:

1. گرنگییدانی زیاتری وەزارەتی پەروەردە بە چەمکی خوێندەواریی میدیایی بدات؛ بەجۆرێك بیخاتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن و وەك وانەیەکی سەربەخۆ لە قۆناغەکانی: پاخچەی ساوایان، بنەڕەتیی و ئامادەیی بخوێنرێت. هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی لە ڕێگەی کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت و زانستە مرۆڤایەتییەکان-ەوە؛ "بەشی پەروەردەی میدیایی" بکەنەوە، تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە کەسانی پسپۆڕ بۆ وتنەوەی وردەکا ی وانەکانی ئەو پرۆگرامە نوێیە پێبگەیەنن و بەوەیش ڕێڕەوی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا ڕاستبکرێتەوە و بخرێتەوەسەر سکەی پیشەیی خۆی.

2. کردنەوەی خولی پیشەیی و پەروەردەیی بەردەوام بۆ ڕۆژنامەوانان لەلایەن نێوەندە ئەکادیمییەکان، سەندیکا و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنیی بۆ زیاتر ئاشنابوون بە چەمکی خوێندەواریی میدیایی و ناسینی جۆرەکانی، ڕەگەزەکانی، ڕەهەندەکانی لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی میدیای دیجیتاڵیی، پەخشکراو و چاپکراودا. هەروەها هاندانی ڕۆژنامەوانان لەسەر باشتر پابەندبوون بە بنەمانی یاسا بەرکارەکان و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەت لە ڕەچاوکردنی هەست و نەستی منداڵان و پاراستنی مافەکانیان بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ.

3. دەرچوواندنی یاسای ڕێکخستنی میدیای دیجیتاڵیی و سەکۆ جیاوازەکانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان؛ بەجۆرێك کە تایبەتمەندییەکانی میدیای تایبەتمەندی منداڵان و ئەرك و مافەکانی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی تایبەت بە منداڵانی تیا ڕەنگبداتەوە.

4. تۆمارکردنی پێشلکارییەکانی ناوەڕۆکی پەیامەکانی میدیاوان و میدیای کوردیی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی؛ بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی زیاتر لەبارەی بەها و بایەخی میدیا لە پەروەردەکردنی منداڵان و دوورخستنەوەیان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی، بەتایبەت کە ئێستا منداڵان بەشێوەیەکی نائاسایی ئالوودەی خراپبەکارهێنانی ئامێرە زیرەکە ئەلیکترۆنیەکانی میدیای دیجیتاڵیی و چەناڵە جیاوازەکانی لە یوتیووب، مۆبایل، ئایپاد، پلەیستەیشن و کۆمپیووتەر-دا.

5. فلتەرکردنی چەناڵەکانی یوتیووب لەلایەن حکوومەت و کۆمپانیاکانی دابینکردنی ئینتەرنێت لە سەر ئەو بەرهەم و بابەتانەی کە لەگەڵ ئاست و ئاڕاستەی بیرکردنەوەی منداڵان ناگونجێن و زیانیان پێدەگەیەنێت. هەروەها دانانی مەرج و ڕێنمایی هاوچەرخ بۆ هەر چەناڵێکی میدیایی منداڵ-ن، تاوەکوو ڕێگر بێت لەو ڕیکلام، ڤیدیۆ و وێنە نەشیاوانەی دێنەسەر شاشەی یوتیووبی منداڵان.

## 3.5: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

لێرەدا؛ چەند پێشنیازێك ئاڕاستەی توێژەرانی داهاتوو دەکرێن، تاوەکوو وردتر کار لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەی منداڵان بکرێت، لەوانە:

1. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکەی چەناڵی یوتیووبی میدیای منداڵان، لەوانە: چیرۆک، بەرنامە، ڕیکلام.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاریی لەنێوان میدیای کوردیی و میدیای بیانیی لەڕووی سوودوەرگرتنیان لە ڕەگەز و ڕەهەندە جیاوازەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان-دا.
3. بەکارهێنانی ڕێباز ورێکاریی توێژینەوەی تێکەڵاو یاخوود توێژینەوەی چەندێتیی بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەی میدیایی لە پەروەردەی منداڵان و ڕەنگدانەوەی لە پەیامە جیاوازەکاندا، لەوانە ڕێکارەکانی: فۆکەس گرووپ، ڕاپێویی و تێبینییکردنی زانستیی.
4. بەکارهێنانی گۆڕاوی دیکە لەگەڵ "خوێندەواریی میدیایی" و "پەروەردەی منداڵ" لەنێو توێژینەوەی فرەپسپۆڕیی نێوان میدیا و بوارەکانی دیکەدا.
5. بەکارهێنانی کۆمەڵگە و مشتی توێژینەوەی جیاواز لەسەر خوێندەواریی میدیایی لە قۆناغەکانی ساوایی و هەرزەیی پەروەردەی منداڵان-دا.

## 6. سەرچاوەکانی توێژینەوە

### سەرچاوە کوردییەکان


ڕێشاوی ، تاڵەبانی ، ی . ع ، ر. گ .(2023)" نوسینی توێژینەوەی میدیایی "،چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی .


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان


- Al-Menayes, J. (2014). The relationship between mobile social media use and academic performance in university students, New Media and Mass Communication, vol. 25.
- Huda, M., & Hashim, A. (2022). Towards professional and ethical balance: insights into application strategy on media literacy education. *Kybernetes*, *51*(3), 1280-1300.
- Long, S., Zhu, T., & Chen, X. (2023). With High New Media Literacy, Can We Prevent Problematic Internet Use?--A Case Study of Chinese College Students. *Digital Education Review*, *44*, 33-44.
- Luan, L., Liang, J. C., Chai, C. S., Lin, T. B., & Dong, Y. (2023). Development of the new media literacy scale for EFL learners in China: a validation study. *Interactive learning environments*, *31*(1), 244-257.
- Martínez-Bravo, M. C., Sádaba Chalezquer, C., & Serrano-Puche, J. (2022). Dimensions of digital literacy in the 21st century competency frameworks. *Sustainability*, *14*(3), 1867.
- Mede, N. G., Howell, E. L., Schäfer, M. S., Metag, J., Beets, B., & Brossard, D. (2025). Measuring science literacy in a digital world: Development and validation of a multi-dimensional survey scale. *Science Communication*, 10755470251317379.
- Park, H., Kim, H. S., & Park, H. W. (2021). A scientometric study of digital literacy, ICT literacy, information literacy, and media literacy. *J. Data Inf. Sci.*, *6*(2), 116-138.
- Karaoğlu, M., Kuzu, E., & Türemiş, N. (2025). An Investigation of Preservice English Teachers' Media Literacy Levels. *Contemporary English Language Studies*, *1*(1), 60-71.
- Paxton, S. J., McLean, S. A., & Rodgers, R. F. (2022). “My critical filter buffers your app filter”: Social media literacy as a protective factor for body image. *Body Image*, *40*, 158-164.
- Peters, S., Ehm, J. H., Wolstein, K., & Mischo, C. (2022). Profiles of German early childhood teachers’ pedagogical content beliefs and the relation to their competencies. *Early Childhood Research Quarterly*, *58*, 47-58.

- Salimi, M., & Torkiantabar, M. (2023). Investigating the Relationship between Self-Confidence and Media Literacy in Using Students' Social Network (Shad) from the Perspective of Female Primary School Teachers in Doroud. *Knowledge Retrieval and Semantic Systems*, *10*(37), 201-222.
- Schulenkorf, T., Krah, V., Dadaczynski, K., & Okan, O. (2021). Addressing health literacy in schools in Germany: concept analysis of the mandatory digital and media literacy school curriculum. *Frontiers in public health*, *9*, 687389.
- Song, C., & Kim, E. (2025). The influence of new media literacy on brand engagement: Mediating effects of perceived interactivity and openness and the moderating effect of age. *Behavioral Sciences*, *15*(4), 458.
- Buckingham, D. (2003). Media education: Literacy, learning and contemporary culture. Polity Press.

ملخص البحث
ملخص البحث

تتناول هذه الرسالة مفهوم "التربية الإعلامية" وأثره على "تعليم ملخص البحث تتناول هذه الرسالة مفهوم "التربية الإعلامية" وأثره على "تعليم الأطفال" في إقليم كوردستان العراق، من خلال دراسة تحليلية لقناتي يوتيوب الكرديتين: افرين و ان.ر.تى3، اللتين تم اختيارهما لانتشارهما الواسع وتنوع محتواهما الموجه للأطفال.
اعتمدت الدراسة منهجا نوعيا قائما على الجمع بين المقابلات شبه المنظمة مع خبراء في الإعلام والتعليم، وتحليل محتوى الأغاني المخصصة للأطفال في القناتين. وقد أتاح هذا الدمج المنهجي فهما أعمق لوجهات نظر الخبراء، إلى جانب الكشـــف عن الأبعاد التربوية والمعرفية الكامنة في الرسائل الإعلامية.
أظهرت النتائج أن التربية الإعلامية، رغم الاعتراف المتزايد بأهميتها، لا تزال مفهوماغامضـــاوتطبيقا محدودا في ســياق إقليم كردســتان. كما بين التحليل أن محتوى قناتي افرين و ان.ر.تى3، يركز بشكل رئيس على الجوانب التعليمية، مع إغفال واضح لتعزيز التفكير النقدي، والوعي الإعلامي، وتنمية مهارات التقييم لدى الأطفال. وبناء على ذلك، يتعامل الأطفال غالبا مع هذه المواد الإعلامية بوصفهم متلقين سلبيين، بدلا من مشاركين فاعلين قادرين على النقد والتأمل وإعادة تفسير الرسائل.
خلصت الأطروحة إلى أن مستوى الوعي بثقافة الإعلام، سواء لدى منتجي المحتوى أو لدى الجمهور، ما يزال في حدوده الأولية، الأمر الذي يبرز الحاجة إلى مبادرات تعليمية أكثر تنظيما ومنهجية. ومن أجل سد هذه الفجوة، توصي الدراسة بدمج التربية الإعلامية في المناهج الدراسية الرسمية ابتداء من مرحلة ما قبل المدرسة وصولا إلى التعليم الجامعي، فضلا عن تعزيز حضورها في الممارسات التربوية للأسر الكردية. وتؤكد الدراسة أن تحقيق هذا الهدف يتطلب تنسيقا مشتركا بين الأسرة، والمؤسسات التعليمية، والجهات الإعلامية، وصناع السياسات، بما يسهم في إعداد جيل واع وناقد وقادر على التعامل مع الإعلام بفاعلية.
**الكلمات المفتاحية:**
التربية الإعلامية، تعليم الأطفال، تأثير الإعلام، قنوات يوتيوب، إقليم كردستان